# له ناوچەییەوە بۆ جیهانی (ڕەنگدانەوەی جیهانگیری لەسەر هەریەك لە جوگرافیا، شار، مۆرفۆلۆجیی شار)

**شاخەوان عبدالله حسین[1]، طلعت طاهر محمد البوتاني[2]، إبراهیم قاسم پاڵانی[3]**

[1]بەشی کیمیا، کۆلێجی زانست، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2] بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی راپەڕین، هەرێمی کوردستان، عێراق
[3] بەشی جوگرافیا، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-** توێژینەوەکە؛ بە ناونیشانی (لەناوچەییەوە بۆ جیهانی، ڕەنگدانەوەی جیهانگیری لەسەر هەریەک لە جوگرافیا، شار، مۆرفۆلۆجیی شار)، هەوڵێکە بۆئەوەی تێگەیشتنێك لە پێواژۆی جیهانگیری دروستبکات و کاریگەرییەکانی لەسەر هەریەك لە جوگرافیا و شار و مۆرفۆلۆجیی شارەکان ڕوونبکاتەوە. جیهانگیری و پرۆسە خێراکانی پێکەوە هۆکار بوون بۆئەوەی بەهاو بنەما جێگیرەکانی جاران بگۆڕن، تەنانەت پارادایم و ڕێبازەکانی تێگەیشتن لە دیاردە و ڕووداوەکانیشی گۆڕیوە.

لە توێژینەوەکەدا میتۆدی پەسنی بەکاربراوە، تاکو لەڕوانگە و ڕێچکە جیاوازەکانەوە پرۆسەی جیهانگیری و تێگەیشتنە جیاوازەکان دەربخرێن. ئەوەی توێژینەوەکە دەریخستووە ئەوەیە: پرۆسەی جیهانگیری پرۆسەیەکە لەگەڵ نیشتەجێبوونی مرۆڤ لەسەر ڕووی زەویدا دەرکەوتووە، واتە پرۆسەیەکی نوێ نییە، بەڵام ئەوەی کە نوێیە خێرایی و بابەتەکانی ناو پرۆسەکەیە، بەو واتایەی خێرایی گۆڕانکارییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیانکردووە و مژار و بابەتی نێو پەیوەندییە جیهانییەکان هەمان مژار و بابەتەکانی پێشتر نین، سنوورە نێودەوڵەتییەکانی نێوان هەرێمە سیاسییەکان کاڵبوونەتەوە و لێشاوی شمەك و زانیاری و جوڵەی مرۆڤ بەئاسانی پێیاندا دەپەڕنەوە. هەریەك لە جوگرافیا، شار و مرۆفۆلۆجیی شار بەم پرۆسەیە کاریگەر بوون، بەوەی دووری و مەودای نێوان شوێنەکان، جیاوازی کولتووری و ئابوورییەکان، کەرەستە و ئامرازەکان بەتەواوی لێکتر نزیکبوونەتەوە، هەروەها شارەکان بوونەتە ناوەندی هەڵسوڕێنەری ئەم پرۆسەیە و لە شارێکی لۆکاڵی و دابڕاوەوە بوونەتە شاری جیهانی و پرۆسە سیاسی و ئابووری و کولتووریەکانی جیهانیان تێدا بەڕێوەدەچێت. جگە لەوەی دەرکەوتە و مۆرفۆلۆجیی شارەکانی جیهان خەریکە جیاکاری و تایبەتمەندیی خودییان نەمێنێت. کەرەستە و شێوازی بیناسازیی و پراکتیزەکانی ژیانی ڕۆژانەی سەرجەم شارەکانی جیهان بەنزیکەیی هاوشێوەی یەکترن. هەروەها پلاندانانی شارەکان بەزۆری لەبەر ڕۆشنایی بنەماکانی پەرەپێدانی درێژخایەندان.

**کلیلە ووشەکان-** ناوچەیی، جیهانی، جیهانگیری، جوگرافیا، شار، مۆرفۆلۆجیی شار

## پێشەکی:

جیهانگیری وەک سەرچاوەی هێزی گۆڕانکاری، داینامیکی شارەکان و ژینگە شارییەکانی لە سەرانسەری جیهاندا خستۆتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. لەگەڵ تێپەڕاندنی ئاڵوگۆڕە ئابووری و کولتووری و تەکنەلۆژییەکان لە سنوورە نیشتمانییەکانەوە، وردە وردە چوارچێوە جوگرافییە نەریتییەکان دووچاری ئاڵنگاری بوونەتەوە و دووبارە بنەمای نوێیان وەرگرتووە. ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە چۆن جیهانگیری کاریگەری لەسەر مۆرفۆلۆجیای شارەکان هەیە- فۆرم و پێکهاتەی شارەکان- ی بەشێوازی نوێ و سەرتاسەری داڕشتۆتەوە.

ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزانەی کە جیهانگیری هێناویەتە کایەوە، بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی شاری گەورە و جیهانی، کە وەک ناوەندی چالاکیی ئابووری و ئاڵوگۆڕی کولتووری ڕۆڵدەبینن. ئەم پێشهاتانە نەک هەر ڕەنگدانەوەی گۆڕانی پارادایمە ئابوورییەکانن بەڵکو پرسیار سەبارەت بە بەردەوامیی، یەکسانی کۆمەڵایەتی و ناسنامەی کولتووری لەناو ژینگە شارییەکان دەوروژێنن. توێژینەوەکە ئامانجی دەرخستنی پەیوەندیی ئاڵۆزی نێوان جیهانگیری و گۆڕینی شارەکانە، تیشک دەخاتە سەر هەردوو لایەنی دەرفەت و ئاڵنگارییەکان، کە لەم پەیوەندییە دینامیکییەوە سەریان هەڵداوە.

## کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی توێژینەوەکە لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکارییانەدا خوێدەبینێتەوە، کە جیهانگیری بەسەر مۆفۆلۆجیی شارەکاندا هێناویەتی و دەرکەوتە لۆکاڵییەکەی جارانیان تێپەڕاندووە. بۆیە کێشەی توێژینەوەکە کراوە بە چەند پرسیارێك:

-ئایا پێواژۆی جیهانگیری چییە و تێگەیشتن و دیدگا جیاوازەکان چۆنی دەبینن؟

-ئایا جوگرافیای دوای جیهانگیری هەمان پرس و مژارەکانی پێش جیهانگیریی هەیە؟

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 12، العدد 2(2026)؛ عدد الصفحات (16)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n2y2026.pp228-243
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 23 حزيران 2025؛ قُبل في 31 أب 2025؛ نُشرت في 11 حزيران 2026؛
البريد الإلكتروني للمؤلف ibraheem.qasim@garmian.edu.krd, talaatbo@gmail.com, shakhawan.abdulla@garmian.edu.krd
حقوق الطبع والنشر@ 2026 شاخەوان عبدالله حسین، طلعت طاهر محمد البوتاني، إبراهیم قاسم پاڵانی. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

-مۆرفۆلۆجیی شارەکان چ گۆڕانێکیان لەدوای پرۆسەی جیهانگیرییەوە بەسەردا هاتووە؟

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە ڕۆڵ و هەژموونەکانی جیهانگیری لەسەر بنەما و تێگەیشتنی جوگرافیا و مۆرفۆلۆجیی شارەکان دەربخات.

**گرنگیی توێژینەوەکە:**

گرنگیی ئەنجامی توێژینەوەکە لەوەدایە، پلاندانەرانی شار و بەڕێوەبەرانی بواری شارسازی دەتوانن لەبەررۆشنایی بنەماکانی پەرەپێدانی درێژخایەنی شاردا ئاگایانەتر و هەستیارانەتر مامەڵە لەگەڵ بەکارهێنانی زەوی و شێواز و دەرکەوتەی مۆرفۆلۆجیی شاردا بکەن. چونکە شار و دەرکەوتەکانی دوای جیهانگیری، چیتر شارێکی لۆکاڵی و دابڕاو نیین و لەناو سیستمێکی تۆڕبەندیی جیهانیدا بە کۆمەڵێك پرنسیب و میکانیزمی جیهانی کاریگەرە، هەروەها لەبەرانبەریشدا دەتوانێت کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی لەسەر بەشێکی پرۆسە شارییەکانی جیهان هەبێت، بەتایبەتی لە وڵاتانی پێشکەوتوودا.

# تەوەری یەکەم:
# تێگەیشتن لە چەمکی جیهانگیری

## 1.1- چەمکی جیهانگیری

جیهانگیری (Globalization)، وەک پرۆسەی زیادبوونی پەیوەندیی و وابەستەیی نێوان کۆمەڵگە و دەوڵەتان، لەگەڵ مێژووی مرۆڤایەتیدا بوونی هەبووە، بەجۆرێک دەکرێت مێژووی جیهانگیری بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر بگەڕێتەوە، بەو پێیەی کۆمەڵگە مرۆییەکان لە مێژەوە خەریکی داهێنان و ئاڵوگۆڕی کاڵا و بیرۆکە و پراکتیزە کولتوورییەکانن. کەواتە فراوانبوونی پەیوەندییە جیهانییەکان و هەڵکشانی وێنای جیهانی، پرۆسەیەکی زنجیرەیین و ڕیشەیەکی مێژوویی بەدوایەکدا هاتوویان هەیە **(بی. ستیگەر، ٢٠٢١: ٤٠-٤١)**. لە کاتێکدا قەبارە و خێرایی جیهانگیری لە سەردەمی مۆدێرندا بە شێوەیەکی خێراتر لە پێشتر زیادیکردووە، کەواتە بنەڕەتی پرۆسەی پەیوەندی و وابەستەیی یەکتر لە نێوان بەشە جیاوازەکانی جیهاندا ڕەگ و ڕیشەی قووڵی مێژوویی هەیە.

قەبارە و خێرایی جیهانگیری لەنێوان قۆناغە مێژووییەکاندا هاوشێوە نەبووە، خێرایی جیهانگیری لە کۆندا بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی مۆدێرن و دواتریش شۆڕشی زانیاری و تەکنەلۆژیی ئێستا زۆر خاوتر بووە، لەبەرئەوەی بڵاوبوونەوەکان ماوەیەکی زۆریان ویستووە، چونکە میکانیزم و ئامرازەکانی جیهانگیری لە هەریەک لەو قۆناغانەدا جیاوازبوون. هەروەها دەتوانین ئەوەش هەڵێنجێنین، کە فۆرمی سەرەتایی ئاڵوگۆڕی نێوان کولتوور و ئامرازە سەرەتاییەکانی جیهانگیری لە سەردەمە کۆنەکان و ئێستاشدا (هاوشێوەی مێژووی پرۆسەکە) دەبنە بنەمایەکی گرنگ تاکو لە سەدەکانی داهاتوودا جیهانگیرییەکی فراوانتر و خێراتر سەرهەڵبدات. بەو واتایەی هێشتا داهێنان و پێشکەوتنی زیاتر لە هەگبەی مرۆڤایەتیدا بوونی هەیە و دەتوانێت پرۆسەکە بۆ قۆناغێکی سەرتاسەری تر ببات.

جیهانگیری یاخود بە جیهانیبوون؛ هاوتای وشەی (Globalization)ی ئینگلیزییە، زۆرینەی بیرمەندان بەکاربردنی وشەکە بۆ سەرەتای دەیەی شەستەکانی سەدەی ڕابردووی دەگێڕنەوە، زاراوەکە بۆ یەکەمجار لەساڵی (١٩٦١) چووە ناو (فەرهەنگی وێبستەر**)ەوە، یەکەم وتار دوای زیادبوونی زاراوەکە لەساڵی ١٩٦٢ دا بەناوی جیهانگیرییەوە نوسرا **(محققی، ٢٠٢٠: ١١)**. زاراوەی جیهانگیری بەربڵاوترین مشتومڕی لەسەر ئاستی تێگەیشتن و مەعریفی و هزری هەیە، لەبەرئەوەی بەگوێرەی بەکارهێنانی لە بوارە جیاوازەکانی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا واتا و تێگەیشتنەکەشی دەگۆڕێت، لەم چوارچێوەیەدا جیهانگیری دەبێتە بوارێک بۆ تیۆرە سیاسییە شیکاری و پەسنییەکان، کار لەسەر ڕێڕەو و ڕەهەند و لێکەوتە و ڕەنگدانەوەکانی دەکات لەسەر کۆمەڵگە و وڵاتان. هەروەها دیگای جۆراو جۆر بۆ پرۆسەی جیهانگیری بوونیان هەیە، لەوانەش (ڕوانگەکانی زانستی و تەکنەلۆژی، ئابووری و ڕامیاری و سەربازی، کولتووری و هزری)، لەبەرئەوەی وەک پرۆسە و چەمک دیاردەیەکی فرە لایەنە، بۆیە ئەگەر لە لایەنە ئابوورییەکەیەوە لێیبڕوانین، ڕاستەوخۆ بەر کۆمەڵێک پرۆسەی وردتری وەک: ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێودەوڵەتی و پارەدارکردن و پەیوەندیی و تەواوکاریی دارایی و پیشەیی دەبین، لەگەڵ گواستنەوە و پەرینەوەی سەرمایە و تۆڕی نێودەوڵەتیی کۆمپانیا فرە نەژادەکان، هاوکات بڵاوبوونەوەی دیاردەی بەرە ئابوورییەکان **(نوریس و اینگلهارت، 2021: 23)**، بە هەمان شێوە بۆ لایەنەکانی تریش دیسان پرۆسەیەکی ئاڵۆز دەبێت و ڕیشەی بۆ پنتە بچوکەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری شۆڕدەبێتەوە.

بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕیشەیی بتوانین لە سروشت و دەرکەوتنی دیاردەی جیهانگیری تێبگەین، پێویستە ئاماژە بە دوو خاڵی بنەڕەتی بکەین، یەکەمیان ئەوەیە: جیهانگیری دیاردەیەکی هەڵتۆقیو نییە، بەو واتایەی لە ناکاو لە گۆڕەپانی وڵاتانی ڕۆژئاوادا دەرکەوتبێت، بەبێ بوونی بنەڕەت و زەمینەیەک کە ڕێگەی بۆ دەرکەوتنی خۆشکردبێت، بەپێچەوانەوە ناسینی زەمینەی دەرکەوتنەکەی ڕەگێکی جەوهەری لە گەڕان بەدوای قووڵایی جیهانگیریدا لە فۆرمی هاوچەرخی خۆیدا پێکدەهێنێت. دووەمیان: هزر و بیری ڕۆژئاوایی زۆرترین کاریگەری لە داڕشتنی تایبەتمەندی سیاسی و ئابووری و کولتووری جیهاندا هەبووە، ئەویش لەسایەی هەڵمەتی کۆلۆنیالیزمدا **(بك، 2003: 39)**، کە دواجار ئەم هەڵمەتانە هاوکاربوون لە گەشەپێدانی تەکنیکی و گەڕاندا بە ئامانجی دەسکەوتی سیاسی و ئابووری نوێ بۆ وڵاتانی کۆلۆنی. لەم دوو خاڵەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی سروشتی ئەو گۆڕانکارییە مێژووییانەی بەسەر هزری ڕۆژئاوادا هاتوون جیهانگیرییان پێکهێناوە، کەواتە ئەو گۆڕانکارییە فیکری و سیاسییانەی کە زۆرینەی وڵاتانی پێشکەوتوو و گەشەسەندووی جیهان لەدوای مۆدێرنەوە پێیدا تێپەڕبوون یارمەتیمان دەدەن باشتر لە ڕەگ و ڕیشەی جیهانگیری تێبگەین.

جیهانگیری یەکێکە لەو وشانەی کە زۆرترین بەکارهێنراو و کەمترین تێگەیشتنی لەجیهانی ئەمڕۆدا هەیە. زۆرترین قسەی لەسەر کراوە، تۆنی بلێر پێیوابوو جیهانگیری پرۆسەیەکە ناتوانی خۆتی لێبەدووربگریت و بەرەنگاری ببیتەوە. نێلسن ماندێلا جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە نکوڵیکردن لە جیهانگیری وەک ئەوە وایە بڵێییت وەرزی زستان ناناسمەوە. لە پرۆسەکەدا خێراتربوونی پەیوەندییە سیاسی و ئابووری و کولتووری و ژینگەییەکان کە باسی دەکات بەهێز و مشتومڕاوین. بەڵام بەڕاستی واتای جیهانگیری چییە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت بەمێژووی بزوێنەرەکانی ئەم پرۆسەیەدا بچینەوە، لە داهێنانەکەی فیساگۆرسەوە هەسارەکەمان هێواش هێواش بچووک دەبێتەوە، لە دۆزینەوەی کیشوەرەکانی سەدەی پازدەیەمەوە تا سەرهەڵدانی کۆمپانیا فرە نەژادەکان، لە دیواری گەورەی چینەوە تا سەرهەڵدانی مۆندیالی تۆپی پێ، لە داهێنان و تەکنیکە سادەکانەوە بۆ ئامێرە زەبەلاح و ئاڵۆزەکان ( **MacGillivray, 2006: 1-7**)، لە پەیوەندیی نوسینی نامەییەوە بۆ پەیوەندییە دەنگی و ڕەنگییەکان و دروستبوونی فەزای مەجازی و سایبەر سپەیس. هەموویان چیرۆکی پەیوەندییەکانی

جیهانگیرییان تائەمڕۆ نوسیوەتەوە، ڕەنگە لەداهاتوودا چیرۆک و داهێنراوی تر پرۆسەکە تەواوبکەن.

سەرەتا و بەرەوپێشچوونی جیهانگیری، بە ڕێژەیەکی زۆر لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و بازرگانیدا پەیوەستە، لە داهێنانی قیبلەنماوە تا مانگە دەستکردەکان، گرنگە ئەم ڕاستییە بەدیبکرێت و جەختی لەسەر بکرێتەوە، بەڵام گرنگە دان بەو ڕاستیەدا بنرێت کە لە سی ساڵی ڕابردوودا شتی نوێ و گرنگ لە دیاردەی جیهانگیریدا ڕوویانداوە، لەوانە **(امین، ٢٠٠٩: ١٨)**:

1. دارمانی ئەو دیوارە بەرزانەی، کە پێشتر هەندێک نەتەوە و کۆمەڵگەیان لە ڕەوتی جیهانگیری پاراستبو، دواتر جیهانگیری ئەو بەربەستانەی ڕاماڵی، کە تا ڕادەیەک جیهانیان دابڕیبوو. گرنگترینی ئەو گەلانە بێگومان گەلانی ئەورووپای ڕۆژهەلات و چین بوون، کە گۆشەگیرییەکی خۆویستییان هەبوو، بە شێوەیەک لەشێوەکان ناچار کران دەستبەرداری ئەو دابڕانەبن.
2. زیادبوونی بەرچاوی فرەچەشنیی ئەو کاڵا و خزمەتگوزارییانەی لە نێوان گەلاندا ئاڵوگۆڕ دەکرێن، هەروەها فرەچەشنی ئەو بوارانەی وەبەرهێنان، کە گواستنەوەی سەرمایە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەستەبەردەکات.
3. ڕێژەی دانیشتوانی ناو کۆمەڵگایەک یان نەتەوەیەک، کە کارلێک لەگەڵ جیهانی دەرەوە دەکەن و کاریگەرییان لەسەرە بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، بۆ نموونە میسر لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا بە قۆناغێکدا تێپەڕیوە کە ڕێژەی بازرگانی دەرەکی بە داهاتی نیشتمانی زیاتر بووە لەوەی ئێستا هەیە و ڕێژەی سەرمایەی دەرەکی لەوڵاتدا زیادیکردووە.

لە ساڵی ٢٠٠٠ سندوقی دراوی نێودەوڵەتی پوختەیەکی بڵاوکردەوە، کە ناونیشانێکی تەواو وروژێنەری هەبوو، لەبەرئەوەی بیرکردنەوەی زۆرینەی خەڵکیی دەربارەی تێگەیشتن لە پرۆسەکە جوڵاند، ناونیشانەکە ئەمە بوو: (جیهانیبوون: هەڕەشەیە یان دەرفەت؟) ستافی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی جیهانگیرییان بە "پرۆسەیەکی مێژوویی، لە ئەنجامی داهێنانە مرۆییەکان و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی" وەسف کرد. ئاماژە بوو بۆ زیادبوونی یەکگرتنی ئابوورییە جیهانییەکان، بەتایبەتی لە ڕێگەی ڕەوتی بازرگانی و داراییەوە. ڕاستە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک کاتێک بیر لە جیهانگیری دەکەنەوە، ڕاستەوخۆ ڕەوتی بازرگانی لیبراڵ بە خەیاڵیاندا دێت، تەنانەت لەم ساڵانەی دواییدا کاریگەرییە ئابوورییەکانی جیهانگیری بەسەر باسکردنی ئەم دیاردەیەدا زاڵبووە. بەڵام جیهانگیری جگە لە ڕەهەندی ئابووری، ڕەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونیی بەهێزیشی هەیە. لەبەرئەوەی گۆڕانکاری قووڵی کولتووری لە جیهانێکدا بەدیهێناوە، هەموو گۆشەکانی هەسارەکەمان بە یەکەوە بەستراونەتەوە. پرۆسە مرۆییەکان ئەو سنوورانە تێدەپەڕێنێن، کە کۆمەڵگا سونەتی و مۆدێرنەکانی لەیەکتر جیاکردبوەوە، **(نوریس و اینگلهارت، 2021: 25)**.

بۆ ئەوەی بتوانین لەنێوان قۆناغەکانی بەجیهانیبوونی ڕابردوو و ئێستادا جیاوازی دابنێین، پێویستە بەو ئاڵۆزی و دژیەکییەی خۆیەوە لە تایبەتمەندییەکانی بڕوانین، بۆ ئەوەی لە تێگەیشتن لە جیهانگیری یارمەتیمان بدات. خاڵی یەکەم ئەوەیە نابێت کۆی گشتی دیاردەی جیهانگیری بە سادەیی لە چوارچێوەی یەک ستراتیژ یان پرۆژەدا ببینین و پێیانوابێت وڵاتە گەورە پیشەسازیی (وڵاتە زلهێز)ەکان بەرجەستەیانکردووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە وادەردەکەوێت پرۆسەکە بێ نەخشە و هێلکارییەکی ئاراستەکراو بەرەوپێش دەڕوات و کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکانی خستۆتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. لە کۆمەڵگەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بەهۆی بوونی توانای ئابووری و سیاسی و کولتوورییەوە بەشێوازێکی چاکتر و بەکەڵکتر دەتوانن ئەم دیاردە (جیهانگیری)یە بەکاربهێنن و بیخەنە خزمەت بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە، هەرچەندە هەندێک لە وڵاتانی باشوور وەک (هیندستان، مالیزیا، سەنگاپوور) توانیویانە لە دەرفەتەکانی جیهانگیری سوودوەربگرن و زۆرترین قازانجی تێدا بەدەستبهێنن. لە هەمان کاتدا لەژێر کاریگەریی دیاردەی جیهانگیریدا زۆربەی دەوڵەتانی باکوور وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ قەیرانی توندی: بەشداریی سیاسی، بەرپرسیارێتی، ماف، ئەرک، دیپلۆماسی، ئاسایش، ستراتیژی بەرگری و سەربازی و پرسی ژینگە و زۆر پرسی تردا ڕووبەڕوون **(قەوام، ٢٠٠٩: ١٦-١٧)**.

جیهانگیری، ئاماژەیە بە هەندێک لە دیاردە گرنگەکانی ڕووداوە جیهانییەکان لە چوارچێوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی وەک: سیاسەتی نێودەوڵەتی، ئابووریی نێودەوڵەتی و کێشە کولتوورییەکان. لە هەنوکەییترین تێگەیشتن لە چەمکی جیهانگیردا پرۆسەکە زیاتر ئاماژەیە بۆئەوەی، کە ڕووداوە نێودەوڵەتییەکان لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت نەتەوەکاندا هاتۆتەتە دەرەوە و ئێستا بازاڕی جیهانی هەڵیاندەسوڕێنێت، هەروەها جیهانگیری بۆ بابەت و دیاردەگەلی کەم بەها بەکاردەبریت، بۆنموونە بەجیهانیبوونی خواردن و خواردنەوەکانی کۆکاکۆلا، ماکدۆناڵد، کەی ئێف سی، یان نواندن و ئەکتەکانی ناو شاشەکان. تەنانەت چەمکەکە گوزارشت لە پرۆسەیەک دەکات، تیایدا ئۆرگانە سەرەکییەکانی مۆدێرنەی ڕۆژئاوا خۆیان بە گشت جیهاندا بڵاوکردۆتەوە، پرس و کێشەکانی تایبەت بە شارنشینی و ژینگە و ئاسایش دیسانەوە بەجیهانی بوون. بەتێگەیشتنی ڤالرشتاین جیهان وەک سیستمێک کاردەکات، کە لەسەر بنەڕەتی ئاڵوگۆڕی ناهاوسەنگی نێوان دەوڵەتانی ناوەند و کەنار دامەزراوە، کە تاکو ئێستاش تێگەیشتنێکی باش و بابەتییە بۆ پرسی جیهانگیری و سیستمی جیهانی **(ساعی، ٢٠١٤: ٢٥٩-٢٦٠)**.

دەتوانرێت جیهانگیری وەک پاڵەپەستۆیەکی جیهانی پێناسە بکرێت بەهۆی ڕەوتی لێشاو (التدفقات-Flows)ەکانەوە کە لە سەرانسەری جیهاندا فراوانتردەبن و دەگەنە تەواوی ناوچەکانی جیهان. ئەم لێشاوانە هەلومەرجێکی زیاتری وابەستەیی و یەکسانبوونی ئابوورییان هێناوەتە ئاراوە؛ بازاڕێکی جیهانی بەهێزتر لە گەشەکردندایە، دامەزراوە داراییەکان و تەکنەلۆژیاکانی کۆمپیوتەر، پراکتیزە ئابوورییە تەقلیدییەکانیان خستۆتە ژێرکاریگەریی خۆیانەوە و بەرەو نەمان و گۆڕان ئاراستەیان دەکەن. ئێستا بازاڕە جیهانییەکان لە بواری دارایی و بازرگانی و خزمەتگوزارییەکاندا لە ڕێگەی چەترێکی ڕێکخراوەییەوە کاردەکەن کە دەوڵەت سەنتەری نییە بەڵکو بازاڕ سەنتەرییە و لە شارە جیهانییەکانەوە بەڕێوەدەبرێن **(Grant and Rennie Short, 2002: 7-8)**.

جیهانگیری دیاردەیەکی نوێ نییە، ئەوەی لەناو پرۆسەکەدا نوێیە (خێرایی، پێوەر، مەودا و پانتایی لەگەڵ ئاڵۆزیی پەیوەندییەکان)ی جیهانی ئەمڕۆن. هەرچۆنێک بێت پەیوەندییە جیهانییەکانی ئەمڕۆ لانیکەم لە چوار لایەنی گرنگەوە گۆڕاون **(مرکز سکونتگاههای انسانی، ٢٠٠٩: ٧-٨)**:

**یەکەم:** خێرایی: پرۆسەی جیهانگیریی ئەمڕۆ بە بەراورد بە ڕابردوو یەکجار خێراترە، بە جۆرێک تەکنەلۆژیی پێشکەوتوو، گواستنەوە و گەیاندنی خێرای ڕەوتی مرۆڤ و کاڵا و زانیاریی بەرجەستەکردوە.

**دووەم:** پێوانە و هەژموونی پرۆسەی جیهانگیری لە ئێستادا کاریگەرییەکی فراوانتری هەیە، بەنزیکەیی تەواوی تاکەکانی جیهانی خستۆتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، کاریگەرییەکانی لە دوورترین خاڵەوە هەستپێدەکرێن.

**سێیەم:** مەودا و پانتایی: پەیوەندییە جیهانییەکان یەکجار گەشەیانکردووە و خاوەنی ڕەهەندی جۆراوجۆری ئابووری، تەکنەلۆژی، سیاسی، یاسایی، کۆمەڵایەتی و کولتوورین، کە هەریەک لەم ڕەهەندانەش بواری تری تایبەت بەخۆیان هەیە،

پەیوەندییەکان چەند هێندەی جاران بوونەتەوە و لێشاوەکان پولێنبەندیی وردتری لە کاڵا، خزمەتگوزاری، مرۆڤ، سەرمایە، زانیاری و گرفت و قەیرانەکان لێبووەتەوە، ئەوەی لەم گەشەکردنەدا گرنگە، بەجیهانیبوونی پرۆسەی مافی مرۆڤ و سەروەریی یاسایە، کە دەکرێت لەگەڵ چالاکییە فەرمییەکانی بازرگانی و ڕەوتە سیاسییەکاندا لێکدژی دروستکەن.

**چوارەم:** پەیوەندی و مامەڵەی دینامیکی و بێ سنووری نێوان ڕەگەزە جیهانییەکان، تایبەتمەندییەکی تازەی ئاڵۆزتری لە پەیوەندیی نێوان سیاسەت و کاردا هێناوەتە کایەوە.

لە تەواوی پێناسە و تێگەیشتنەکانی پێشوترەوە، کە دەربارەی جیهانگیری خرانەڕوو، دەتوانرێت ئەوە هەڵنجێنرێت: جیهانگیری بەستەری گرێدانی جوگرافیا و بەشەکانی رووی زەوییە بەیەکترەوە، بەهۆی چالاکی و پرۆسە مرۆییەکانی وەک (سیاسەت، ئابووری، کولتوور، تەکنەلۆژی و داهێنانەکان) لەگەڵ ئەوەشدا پرۆسەیەکی بەردەوامی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی نێوان کۆمەڵگە مرۆییەکانی سەر ڕووی زەوییە، بەو واتایەی لەگەڵ مێژووی مرۆڤایەتیدا بەردەوام ئامادەیی هەبووە، بەڵام ئامرازو و بزوێنەرەکانی ئەم پرۆسەیە بەتێپەڕیوونی کات گۆڕاون، ماوە لەدوای ماوە خێرایی پرۆسەکە زیادیکردووە. لە ئێستادا ئامرازەکان بە لۆتکەی خێرایی گەیشتوون و تەواوی زانیاری و ڕووداوەکان بەکەمترین کات لە نێوان جەمسەرەکانی (باکوور-باشوور، ڕۆژهەڵات-ڕۆژئاواو) دا بڵاودەبنەوە و بە زۆرینەی دانیشتوان دەگەن و کاریگەرییان لەسەر دادەنێن.

### 2-1- جیهانگیری لە دیدگاو ڕوانگە جیاوازەکانەوە:

خودی پرۆسەی جیهانگیری و ئەزموونی بەرفراوانی کەڵەکەبووی مرۆڤ، لەدوای دروستبوونی ڕەوتی فیکری و زانستی جۆراوجۆر لە قۆناغی پۆستمۆدێرنەدا، لێکدانەوەی پرۆسە و پێشهاتەکان، ڕووداو و دیاردەکان لە گۆشە نیگایەکی هاوبەشەوە سەرچاوە ناگرن، وەک ئەوەی لە سەردەمی مۆدێرنەدا یەک ڕاستی هەبوو هەمووان لەسەری کۆبکوون، بەپێچەوانەوە بەگوێرەی جیاوازیی ئایدۆلۆجی و ڕەوتی فیکری و قوتابخانەی جیاواز، لێکدانەوەکانیش دەگۆڕێن، بۆیە لێرەدا هەوڵدەدریت پرۆسەی جیهانگیری لە دیدگا و تێڕوانینی ڕەوتە جیاوازەکانەوە بخرێتەڕوو:

#### 1-2-1- جیهانگیری لە دیدگاو ڕوانگەی لیبراڵەکانەوە

لیبراڵەکان، جیهانگیری و پرۆسەکانی ناوی، وەک هەر کایەیەکی تری ژیانی مرۆڤ لە گۆشەنیگایەکی ئابوورییەوە دەبینن، ئەوان پرۆسەی جیهانگیری بە یەکخستنێکی حەتمیی بازاڕەکان دەزانن، کە پێشتر لە وێنەی نەبووە، بازاڕی ئازاد و پەیوەندیی جیهانی پرۆسە داراییەکان دەرفەت و توانایی بە تاک، کۆمپانیاکان، دەوڵەت نەتەوەکان دەدات، تاکو خێراتر و هەرزانتر پێداویستییەکانیان لە سەرانسەری جیهانەوە دابینبکەن **(دورتیة، 2011: 931)**. ئەم تێگەیشتنە لەدوای ساڵی ١٩٨٠ وە دوای ئەوەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی توانی مامەڵە داراییە نێودەوڵەتی (بازرگانی و دارایی)یەکان فەراهەمبکات، بەشێوەیەکی بەربڵاو ڕەواجی پەیداکرد. جیهانگیری بوەهۆی دەرکەوتنی بەرفراوانی مامەڵەی بازاڕ لەسەرووی سنووره نێودەوڵەتییەکانەوە، واتە مامەڵەی بازاڕەکان توانای پەڕینەوەیان لە سنووره سیاسیەکانەوە پەیداکرد، ئەمە لە کاتێکدا بەدرێژایی مێژوو چالاکییە ئابوورییەکان لە نێوەندی (بازاڕ و دێیەکان، پیشەسازیی شارەکان یان ناوەندی دارایی)دا ئەزموونیان دەکرد. یەکێکی تر لە پێناسەکانی (Stanley Fischer) بەڕێوەبەری پێشووی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی ئەوەیە: بەجیهانیبوون ڕەوتێکی مێژووییە، بەرئەنجامی نوێگەری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیی مرۆڤە، بەتایبەت بەهۆی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و لێشاوی داراییەوە یەکپارچەیی ئابووریی لە تەواوی جیهاندا هێنایە کایەوە. زۆر جاران جیهانگیری بە گواستنەوە و گەیاندنی نێودەوڵەتیی هێزی کار و زانیاریی زانستی و کۆچی هێزی کار و داهێنانەکانەوە بەستراوەتەوە **(منصورگیلانی، ٢٠٢١: ٢٩)**.

#### 2-2-1- جیهانگیری لە دیدگاو ڕوانگەی مارکسی و ڕادیکاڵەکانەوە

بۆ تیۆریستە مارکسیستەکان جیهانگیری پرۆسەیەکی ساختەیە، بەو واتایەی شتێکی نوێی تایبەت نییە، لە ڕاستیدا تەنیا دوایین قۆناغە لە گەشەسەندنی سەرمایەداریی نێودەوڵەتیدا ڕوویداوە. ئەم جیهانگیرییە کە نیولیبراڵەکان ڕابەرایەتیی دەکەن و بە گوێرەی بەرژەوەندیی خۆیان ئاراستەیدەکەن، گۆڕانکارییەکی چۆنایەتی لە سیاسەتی جیهانیدا دروست نەکردووە، بەڵکو دیاردەیەکی ڕۆژئاوایە کە لە بنەڕەتدا گەشەسەندنی سەرمایەداری نێودەوڵەتی بەرەوپێش دەبات و بەس **(بن سوسان و لابيكا، 2003: 142)**. چونکە لەبری ئەوەی جیهان زیاتر لەیەک بچێت و یەک وێنەیی و یەک ئاستی دروستبکات، بەپێچەوانەوە دابەشبوونی نێوان کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی ناوەند و نیمچە دەوروبەر و پەراوێزی زیاتر قووڵ کردۆتەوە. هەروەها ڕوانگەی مارکسی و ڕادیکاڵەکان سەبارەت بە جیهانگیری، تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانەی تێکەڵە، لە کاریگەرییە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکان دەگیرێت، لە ڕوانگەی مارکسیستییەوە جیهانگیری وەک درێژکراوەی ئیمپریالیزمی سەرمایەداری سەیر دەکرێت، کە کۆمپانیا فرەنەژادەکان باڵادەستی بەسەر کار و سەرچاوەکانی وڵاتانی تازەپێگەیشتودا دەسەپێنن، ئەم ڕوانگەیە زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە جیهانگیری دابەشبوونە چینایەتییەکان قووڵتر دەکاتەوە، بەو پێیەی سەرمایە لە دەستی چەند کەسێکدا چڕ دەبێتەوە لە کاتێکدا چینی کرێکار ڕووبەڕووی بارودۆخی ناجێگیر و پێنەدانی مووچەی شایستە و پێویست دەبێتەوە. ڕەخنە ڕادیکاڵەکان زیاتر لێکۆڵینەوە لەوە دەکەن، کە چۆن جیهانگیری نادادپەروەرییە سیستەمیەکان توندتر دەکاتەوە، لەوانەش تێکچوونی ژینگە و یەکسانکردنی کولتووری. ئەم بۆچوونانە تیشک دەخەنە سەر ئەو ڕێگایانەی کە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان نەک هەر کار لەبەرژەوەندیی خۆیاندا دەقۆزنەوە، بەڵکو کولتوور و ئیکۆسیستەمی ناوخۆییش لە پێناو بەدەستهێنانی قازانجدا تێکدەدەن **(ليوكانغ، 2015: 366)**، سەرەڕای ئەوەش، ڕادیکاڵەکان سەرنجیان بۆ ڕۆڵی سیاسەتە نیولیبراڵەکان ڕادەکێشن، کە لە پێشینەی کارەکانی ڕێکخستنەوەی بازاڕ و بە تایبەتکردندان، زۆرجار لەسەر حیسابی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و کاڵای گشتی ئەم بەتایبەتیکردنەی بازاڕ دەسەپێنن. جگە لەوانەی باسکران، بیرمەندانی مارکسیست و ڕادیکاڵەکان دەڵێن: زۆرجار دەوڵەتەکان لە بەرژەوەندی سەرمایەداردا مامەڵە دەکەن نەک هاووڵاتییان، ئەمەش هۆکارە بۆ دروستبوونی نەزمێکی ئابووری جیهانی کەتیایدا قازانج لە مرۆڤەکان بەگرنگتر دادەنێت. ئەم داینامیکییە پرسیار لەبارەی سەروەری و توانای گەلان بۆ پاراستنی ئابووری و دانیشتووانی خۆیان لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی هێزەکانی بازاڕی جیهانی دەوروژێنێت **(Baylis et al, 2014: 302)**. کەواتە دیدە مارکسییەکە بەجۆرێك لە جیهانگیری دەڕوانێت بیکاتە بنەمایەك بۆ کێبڕکێ و ململانێی چینایەتی لەسەر ئاستە جیاوازەکان، کە لە ناو چینە کۆمەڵگەییەکانی ناو دەوڵەتێکەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە ئاستی هەرێمی و جیهانی. هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە جیهانگیری هۆکارێکە بۆ بەڕێوەبردنی هەژموونی ئیمپریالییەکی گەورە تاکو لەڕێگەیەوە کۆنترۆڵی وڵاتانی جیهان بکرێت.

### 1-2-3- ڕوانگەی ژینگەگەرایان سەبارەت بە جیهانگیری

ژینگەگەرایان؛ ڕوانگەیەکی فرەلایەنەیان بۆ جیهانگیری هەیە، هەریەک لە لایەنی ئەرێنی و نەرێنیی دیاردەکە دەبینن. ڕەشبینن بەوەی کە جیهانگیری زۆرجار دەبێتە هۆی ئیستغلالکردنی ناپایەدار (خراپ بەکارهێنان)ی سەرچاوە سروشتییەکان، وایدەبینن کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان هەوڵی کەمکردنەوەی تێچوونەکان دەدەن، زۆرجار کارەکانیان بۆ وڵاتانی تازەپێگەیشتو دەگوازنەوە، چونکە لەم وڵاتانەدا ڕێساکانی ژینگەپارێزی لاوازترن، ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی بڕینەوەی دارستانی بەرفراوان و پیسبوون و کەمبوونەوەی سەرچاوە لۆکاڵییەکان، بۆ نموونە، پەرەسەندنی خواست لەسەر زەیتی خورما بووەتە هۆی بڕینی دارستانەکان لە ئەندەنوسیا و مالیزیا، کە مەترسی لەسەر جۆراوجۆری زیندەوەران دروستکردووە و کۆمەڵگە ڕەسەنەکان بەرەو لەناوچوون دەچن **(فریدمان، 2009: 167)**، ژینگەپارێزان دەڵێن جەختکردنەوە لە (گەشەپێدانی ئابووری) لە پێش گەشەپێدانی تەندروستی ئیکۆلۆژیەوە دەرئەنجامی مەترسیداری بۆ هەردوو ئیکۆسیستەمی ناوخۆیی و سەقامگیری ژینگەیی جیهانی هەیە. جگە لەوەی جیهانگیری دەتوانێت ئاسانکاری بکات بۆ گواستنەوەی پیشەسازییە پیسکەرەکان لە وڵاتانی پێشکەوتووەوە بۆ وڵاتانی تازەپێگەیشتو، ئەمەش کارێکە کە بە "فرێدانی ژینگەیی" ناسراوە. لەوانەیە کۆمپانیاکان کارەکانیان بگوازنەوە بۆ ئەو وڵاتانەی کە ڕێسا و یاسا ژینگەییەکانیان کەمتر توند و تیژ بێت **(Zhang et al., 2022)**، کە دواجار دانیشتوانی ناوخۆیی ئەم وڵاتانە بەرکەوتەی ماددە ژەهراویەکان و مەترسییە ژینگەییەکان دەکات. یان ڕەنگە ببێتە هۆی مەترسی بەرچاو بۆ تەندروستی گشتی و تێکچوونی ژینگە، بێگومان ئەم هەنگاوە نەرێنیانە هەوڵەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی پیسبوون و گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر ئاستی جیهان تێکدەدات.

سەرەڕای ئەم تەحەددایانە، هەندێک لە ژینگەپارێزان جیهانگیری وەك دەرفەت و هەلێکی گونجاو دەبینن بۆ دەستەبەرکردنی هاوکاری و هاوبەشکردنی زانیاری لەسەر پرسە ژینگەییەکان. هەروەها ئاڵوگۆڕی جیهانی تەکنەلۆژیا خێراتر دەکات، بەمەش وەرگرتنی پراکتیزە بەردەوامەکانی وەک وزەی نوێبووەوە بەسەر جیهاندا بڵاوەپێدەکات. ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانی وەک ڕێککەوتنی پاریس نموونەی ئەوەن کە چۆن جیهانگیری دەتوانێت گەلان لە شەڕی دژی گۆڕانی ئاووهەوادا یەکبخات، کەواتە جەخت لەسەر گرنگی کردەوەی بەکۆمەڵ دەکەنەوە، لەوەی هەموو جیهان پێکەوە ڕووبەڕووی گرفتە ژینگەییەکان ببنەوە.

هەروەها جیهانگیری ڕۆڵی هەیە لە گەورەکردنی چالاکیی ژینگەیی، سۆشیال میدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان ڕێگە بە چالاکوانان دەدەن لە سەرانسەری جیهاندا پەیوەندی بکەن، ستراتیژییەکان هاوبەش بکەن و پشتگیری بۆ دۆزی جیاواز کۆبکەنەوە. بزووتنەوەکانی وەک هەینیەکان بۆ داهاتوو کە ئیلهامیان لە گرێتا تونبێرگ وەرگرتووە، تیشک دەخەنە سەر ئەوەی کە چۆن هاودەنگی جیهانی دەتوانێت ئەو دەنگانە بەهێز بکات کە داکۆکی لە دادپەروەری ژینگەیی دەکەن. ئەم پەیوەندییە بەیەکەوە تەحەدای حکومەتە ناوخۆییەکان و کۆمپانیاکان دەکات کە پراکتیزەکردنی بەردەوامتر بگرنەبەر بە لێپرسینەوەیان لە قۆناغێکی گەورەتردا **(U of G News, 2018)**. بەواتایەکی تر ژینگەگەرایان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە پێویستە هاوسەنگییەك لە نێوان جیهانگیری و ئامرازەکانیدا هەبێت، بەتایبەت تەکنەلۆجیا و قۆرغکردنی زەوی و دەرامەتەکانی. بە ئاراستەیەك کە ژینگە وێران نەکات و بەردەوامی بۆ سیستمی ژینگەیی بەرجەستەبکات.


## تەوەری دووەم:
## جیهانگیری و کاریگەرییەکانی لەسەر (جوگرافیا، شار، مۆفۆلۆجیی شار)

### 2-1- جوگرافیای دوای جیهانگیری

ئەمڕۆ مرۆڤایەتی لە جیهانێکدا دەژی، کە پێشینەکانمان هەرگیز نەیاندەتوانی خەونیشی پێوەببینن، وەک ئەو دەربڕینە باوەی دەڵێت "جیهانێکی یەکجار بچووکە"، بچوکبوونەوەی جیهان بە دەرئەنجامەکانی شۆڕشی سەدەی بیستەمەوە بەستراوەتەوە، بەتایبەت لە بواری گواستنەوە و تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکاندا. بۆ نموونە دەکرێت لە ماوەی کەمێک زیاتر لە ڕۆژێکدا بە هێڵە ئاسمانییە بازرگانییەکان بە جیهاندا گەشتبکەیت، لە کاتێکدا کەمتر لە پەنجا ساڵ لەمەوبەر گەشتەکە لە ئینگلتەرا بۆ ئوستralیا نزیکەی هەفتەیەکی دەخایاند، لە ساڵی ١٨٧٠دا زیاتر لە حەفتا ڕۆژی دەویست بۆ ئەوەی لەڕێگەی وشکانییەوە لە لەندەنەوە تا نیوزلەندا گەشتبکەیت. لەگەڵ هاتنی تەلەفۆن و فاکس و لەم دواییانەدا ئیمەیڵ و ڤیدیۆ کۆنفرانس و ئینتەرنێت، ئەم جۆرە پەیوەندییە یەکجار خێراتر بووە. ئەگەر باوەڕ بەو زیادەڕەوییە بکەین، کە دەڵێت ئێمە لە "گوندێکی جیهانی"دا دەژین، ئەوا ئەو زاراوەیەی کە زۆرترین جار بۆ ئاماژەکردن بەم بچووکبوونەوە ڕواڵەتییە بەکاردەهێنرێت، 'بەجیهانیبوون'ە **(موراي، 2013: ٩-١٠)**.

لەسەر بنەمای ئەو ئاراستانەی لە سەرەوە باسکران، نزیکەی چوار دەیەیە خەڵک پێشبینی کاڵبوونەوە و نەمان (مەرگی جوگرافیا) دەکەن. تۆفلێر لەساڵی (1970)دا ڕابەرایەتیی ئەم دیدگایەی لە فیلمی شۆکی داهاتوو (Future Shock)دا کردووە، و ئەوەمان پێدەڵێت: لە ئێستادا هەریەک لە پەرەسەندنی تەکنەلۆژیای گواستنەوە و پەیوەندییەکان و چڕبوونەوەی لێشاوی کاڵاو مرۆڤەکان، ئەوە دەگەیەنن کە "شوێن چیتر سەرچاوەیەکی سەرەکی هەمەجۆریی نییە" **(توفلر، 1979: 78)**. گومانی تێدا نییە، کە بە بەراورد بە ڕابردوو، کەسەکان و پرۆسەکان لە شوێنە دوورەکانەوە دەتوانن کاریگەریی لۆکاڵی (خۆجێیی) زۆر خێرایان هەبێت. جوگرافیناسان و زانایانی تری کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک زاراوەی دیکەیان بۆ ئەم پرۆسەیە بەکارهێناوە لەوانە (لەناوبردنی شوێن لەلایەن کاتەوە، یەکگرتنی کات-شوێن، فشاری کات-شوێن) **(هارڤي، 2005: 332)**. ئەوەی لە شێوەی (1-1) دا دەبینرێت دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە بەتێپەڕبوونی کات و بەرەپێشچوونی داهێنراوەکانی گواستنەوە و گەیاندن و پەیوەندیکرن، بوونەتە هۆی ئەوەی کە جیهان بەشێوەیەکی مەجازی بچوکتربێتەوە، ئەمەش بەو واتایەی نییە کە جوگرافیای جیهان لەڕووی ڕووبەرەوە بەرتەسك بووبێتەوە، بەڵکو خێرایی گۆڕانکارییەکان و داهێنراوەکان وایانکردووە بەردەوام کات فشارێکی یەکجار زۆر لەسەر شوێنەکان دروستبکات و ئاستی پەیوەندیکردن لەنێوان بەشەکانی سەر زەویدا بگاتە ئەوپەڕی خێرایی.

**شێوەی (1-2)**
**جیهانی بچوکبووەوە لەژێر کاریگەریی جیهانگیریدا**




**Source: (E. Murray, 2006: 4) With a small modification.**

هەموو ئەمانە ئەوە دەگەیەنن، کە شوێن و جوگرافیای دوای جیهانگیری هەمان شوێن و جوگرافیای پێشتر نین. لە کتێبی (پانتاییەکانی هزری جوگرافی)دا نوسەر (Kevin R. Cox) باس لەوەدەکات، کە لەدوای پرۆسەی بەجیهانیبوونەوە دووانەی (لۆکاڵی-جیهانی) بووەتە پرسێکی گرنگی پانتایی هزری جوگرافیا. خاڵە سەرەکییەکانی کۆکس لەم پەیوەندییەدا بریتین لە **(Cloke & Johnston, 2005; 175-186)**:

– لۆکاڵی و جیهانی دژی یەکتری نین، بەڵکو بەیەکەوە گرێدراون و وابەستەی یەکترن، بەو واتایەی لۆکاڵی هەمیشە لەلایەن جیهانییەوە لە قاڵب دەدرێت و لەناو جیهانیدا چەسپاوە، لەکاتێکدا جیهانی لەرێگەی کارلێکی ناوچە جیاوازەکانەوە پێکدێت. هەروەها شوێنە لۆکاڵی و پرۆسە جیهانیەکان لە دۆخێکی بەردەوامی گرژی و دانوستانی دیالێکتیکیدان.

– پەیوەندی (لۆکاڵی-جیهانی) بەیوەندییەکی پلەبەندیی هەروا سادە نییە، بەڵکو بەرئەنجامی کۆمەڵێک کارلێکێکی ئاڵۆز و فرەلایەنە، تیایدا شوێنە لۆکاڵییەکان تەنها وەرگری پاسیڤی هێزە جیهانییەکان نین، بەڵکو چالاکانە لەگەڵ پرۆسەی جیهانیدا بەشداری دەکەن و رۆڵیان لە بەجیهانیبوون و شێوەپێدانی پرۆسەکاندا هەیە.

– پەیوەندی (لۆکاڵی-جیهانی) زۆرێک لە مشتومڕ و نیگەرانیە سەرەکیەکانی لە جوگرافیای هاوچەرخدا پێکهێناوە، لەم نێوەندەدا هەریەک لە پرسەکانی وەک جیهانگیری، داینامیکی شار/گوندییەکان، گۆڕانی ژینگەیی، و گەشەپێدانی ناوچەیی، هەموویان یارییەکی ئاڵۆزی نێوان ناوخۆیی و جیهانین و لێکەوتە و مشتومڕی زیاتر لەخۆدەگرن.

## 2-2- جیهانگیری و شار (بەجیهانیبوونی شار)

شارەکان لە قۆناغە مێژوویە جیاوازەکاندا کەوتوونەتە ژێر کاریگەری بیرکردنەوە و رەوتی هزریی جۆراوجۆرەوە، رەوتەکانی وەک پیشەسازی، سەرمایەداری، سۆسیالیزم؛ مۆدێرنیزم و پۆستمۆدێرنیزم، ئەمانە هەموویان بە درێژایی مێژوو کاریگەرییان لەسەر شێوازی ژیانی شارەکان هەبووە. ئەمرۆ جیهانگیری، وەک رەوتێکی خاوەن هەژموون، کاریگەری لەسەر پێکهاتە و کارکردی شارەکان هەیە، بێگومان ئەم پرسە لە چەند دەیەی رابردوودا زیاتر بەشێوەی زارەکی باسکراوە، بەڵام ئەمرۆ بنەماکانی جیهانگیری لە شارەکاندا رەگیان داکوتاوە. شارەکان دەرکەوتنی فەزایی سیستەمی ئابووری-کۆمەڵایەتین، کە هاوڵاتیان بەڕێوەدەبەن، ئەم سیستەمانە پەیوەندی دیالێکتیکی لە نێوان فۆرم و کارکردی شاردا دروست دەکەن و نوێبوونەوەی بەردەوام لە شارەکاندا دروستدەکەن، لەم رووەوە جیهانگیری و شارنشینی کارلێکیان هەیە و پێکەوە خزمەت دەکەن بۆ بەهێزکردنی یەکتر. بەجۆرێک تێکەیشتن لە گۆڕان و دینامیکی شار بەبێ دیدێکی جیهانی زۆر ئەستەمە و ناکاتە تێگەیشتنێکی ڕاستەقینە **(یونج، 1997: 172)**.

پرۆسەی جیهانگیری لێکەوتەی لەسەر تەواوی دەرکەوتەکانی مرۆڤ هەیە، شارەکان وەک گەورەترین دەرکەوتەی مرۆڤ، بە ئەندازەی ئاڵۆزیی ئەو پرۆسە و چالاکییانەی لە شارەکاندا ئەنجامدەرێن بە دیاردەی جیهانگیری کاریگەربوون، تەنانەت شارەکان وەک شانۆی بەشێکی زۆر لە پرۆسە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ، لە بەجیهانیبوونی ئەم پرۆسانەدا بوونەتە کاراکتەرێکی سەرەکی و سەرکەوتنی جیهانگیرییان مسۆگەرکردووە. بەجۆرێک نوسەری بەریتانی (پیتەر هۆڵ) دەڵێت: هەندێک شاری دیاریکراو هەن، کە بەرێژەی جیاواز کاروباری تەواوی بازرگانیی جیهانیان تێیدا بەڕێوەدەچێت **(Hall, 1984: 18)**. کەواتە سەرەتای پەیوەندییەکە، بۆ دەیەی شەشەمی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی پەیوەندیی نێوان زانست و شارە جیهانییەکان لەسەر بنەمای تێزی کۆمەڵێک نوسەر وروژێنرا و بووە بەشێک لە بنەمای کارە زانستییەکان، سێ توێژینەوەی بنەڕەتی گرنگ لەلایەن پیتەر هۆڵ، جۆن فریدمان و ساسکیا ساسن پێشکەش کران. کارەکانیان دەربارەی پەیوەندیی نێوان جیهانگیری و شار زۆر گرنگن، چونکە هێڵێکی پەیوەندییان لەنێوان جیهانگیری و شاردا دەستنیشانکردووە **(Short, 2004:12-14)**، تاکو ئێستاش دەتوانرێت لە توێژینەوەکاندا بکرێتە کەرەستەی بنەڕەتی، ئەوانیش ئەمانەن:

– پیتەر هۆڵ لەسەر ئەو تێبینییەی پاتریک گیدێس لە ساڵی ١٩١٥دا هەیبوو، بەوەی شارەکانی جیهان شوێنێکن کاروباری جیهانیان تێدا بەڕێوەدەچێت، لە چاپی یەکەمی رۆژنامەی شاری جیهانیدا، لەساڵی (١٩٦٦) هۆڵ ئەوەی خستەڕوو، کە شارەکان ناوەندی دەسەڵاتی سیاسی و ئابوورین، دوای شیکارییەکی ورد گروپێکی هەڵبژێردراوی لە شارەکان جیاکردەوە و ناوی لێنان (شارە جیهانییەکان)، شارەکان بریتیبوون لە: (لەندەن، پاریس، راین-رور، مۆسکۆ، نیویۆرک و تۆکیۆ). سەرنجی ئەو لەسەر گەشەی ئەم شارانە و کێشەکانی پلاندانان بوو بەتایبەتی بەڕێوەبردنی بەکارهێنانی زەوی، لەکاتێکدا باس لەسەر ئەوە کراوە بۆچی ئەم شارانە هەڵبژێردران، بەڵام کارەکانی هۆڵ داهێنانێکی راستەقینە بوون، جەختی لەسەر بیرۆکەی شارە جیهانییەکان کردەوە وەک کێشەیەکی پلاندانان و سەرنجی خستە سەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ژمارەی دانیشتووان و گەشەی ئابوورییان، هەرچەندە پردانیشتووان و جەنجاڵن، لە هەمان کاتدا هێشتا شارێکی شیاو و گونجاوی ژیانن و رەسەنایەتیان دەپارێزن. هەروەها پیتەر هۆڵ پرسی شارە جیهانییەکانی وەک پرسێکی ژینگەیی وروژاندوە، هەرچەندە ئەم ئاراستەیە لە ئەدەبیاتی شارە جیهانییەکانی دواتردا تا رادەیەکی زۆر پشتگوێ خراوە **(حداد، 2006: 127)**.

– جۆن فریدمان دوو بابەتی سەرەکی نووسیوە. فریدمان و وۆلف (1982) چەمکی تۆڕێکی جیهانی شارەکانیان وەک کارنامەی توێژینەوە بۆ لێکۆڵینەوە ناساندوە، ئابووریی سیاسی پردی پەیوەندی جیهانی سەرمایەداری و شارنشینییە، ئەو دوو نووسەرە بە نێودەوڵەتیکردنی سەرمایە و شێوازی دیزاینی شارەکانیان بە دارشتنەوەی ئابوورییەوە بەستۆتەوە، ئەوان پلەبەندییەکی شارستانی جیهانییان

دەستنیشان کردوە، کە تیایدا شارە جیهانیەکان لە لوتکەدان، ئەم شارانە وەک ناوەندی کۆنترۆلکردنی ئابووری جیهانی تایبەتمەند کراون، کە چڕبوونەوەی خزمەتگوزارییەکانی بەرهەمهێنەران، نوخبەیەکی زۆر  لە کەسانی کاریگەری نێودەوڵەتی و شوێنی داڕشتنەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فیزیکی بەرفراوانیان تێدایە. شارە جیهانییەکان سەرچاوەی کولتوور و ئایدۆلۆژیای بەکاربردن و یەکگرتنی جیهانین. فریدمان و وۆلف ئەمانەی خوارەوەیان وەک شارەکانی جیهان دەستنیشان کردووە: (تۆکیۆ، لۆس ئەنجلۆس، سانفرانسیسکۆ، نیویۆرک، لەندەن، پاریس، ڕاندشتات، فرانکفۆرت، زیوریخ، قاهیرە، بانکۆک، سەنگافورە، هۆنگ کۆنگ، مەکسیکۆ سیتی و ساوپاولۆ). لە توێژینەوەیەکی دواتردا فریدمان (1986) چەمکی شارە جیهانییەکانی وەک خاڵە بنەڕەتییەکانی ئابووری جیهانی ناساند و دووبارە ڕیزبەندی کردونەتەوە: (تۆکیۆ، لۆس ئەنجلۆس، شیکاگۆ، نیویۆرک، لەندەن، پاریس، ڕۆتەردام، زیوریخ و ساوپاولۆ)ی لە پلەبەندیی شارستانی جیهانیدا وەک ناوەندی پلەی یەکەم دەستنیشان کردوە. فریدمان سەرنجی بۆ شاری جیهانی وەک ناوەندی بەڕێوەبردن و ئاراستەکردنی پرۆسە ئابوورییەکان لە تۆڕی جیهانی شارەکان ڕاکێشاوین (فریدمان، 2001: 412-399).

– ساسکیا ساسن لە کتێبی شاری جیهانی (١٩٩١)دا سەرنجی لەسەر سێ شارە گەورەکەی لەندەن و نیویۆرک و تۆکیۆ چڕکردۆتەوە، پێیوایە پەیوەندی دەرەکیی ئەم شارانە بە ئابووری جیهانییەوە لە جەختکردنەوە لەسەر ئەرکەکانی هەڵسوڕاندنی جیهاندا دەردەکەوێت، هەروەها باس لە شارە جیهانییەکان دەکات وەک ناوەندێک بۆ سیستەمی نوێی هەماهەنگی و کۆنترۆلکردن، شوێنەکانی بەرهەمهێنانی خزمەتگوزارییە تایبەتمەندەکان، بەتایبەتی خزمەتگوزاریی بەرهەمهێنەری وەک ژمێریاری، خزمەتگوزارییە داراییەکان و ڕاوێژکارییەکان. بەشێکی دیکەی کارەکانی ساسن ئەوە بوو پێشبینیی زیادبوونی مەودای جەمسەرگیری کۆمەڵایەتی و فەزایی ناو شارە جیهانییەکان فراوانتردەبن، هەرچەندە شارەکان فەزایەکی هاوبەشن، بەڵام فەزای ئەزموونی زۆر جیاوازیان تێدایە، فۆرمێکی تۆکمەی بەکارهێنانی تایبەت بۆ ئۆفیسی کۆمپانیاکان، لە ڕۆژدا ئەو کەسانە کاردەکەن، کە پەیوەندییەکی باشیان بە ئابووریی جیهانەوە هەیە و مووچەیەکی باش لە امەڵەکانیاندا وەردەگرن، لە کاتێکدا هەمان ئەو شوێنانە شەوان لەلایەن کرێکارانی ژنە کۆچبەرەکانەوە بە کەمترین پاداست پاکدەکرانەوە. ساسن سەرنجی بۆ دوو بابەتی گرنگ لەم شارانەدا ڕاکێشاوین، ئەویش (شاری جیهانی وەک ناوەندی کۆنترۆلکردن و هەڵسوڕاندنی جیهان، لەگەڵ شاری جیهانی وەک شاری جەمسەرگیر و مەودا فروانی ئاستی دارایی و کۆمەڵایەتی دانیشتووانەکەی)، هەروەها جەختی لەسەر سێ گەورەکەی (لەندەن و نیویۆرک و تۆکیۆ) کردۆتەوە، کە بوونەتە بنەڕەتی لێکۆڵینەوەکانی دوای خۆی (فریدمان، 2001: 399-412).

ئەم هەوڵانە، وەکو سەرەتاییترین هەوڵی دەرخستنی پەیوەندیی نێوان شار و جیهانگیری، جۆرێک لە پەیوەندیی دوو لایەنەی نێوانیان دەردەخەن، بەوەی شارەکان خۆیان بەرجەستەکەر و بەدیهێنەری پرۆسەی جیهانگیرین، بەوەی بەشێکی شارەکان وەک شاری جیهانی ڕابەرایەتیی پرۆسەکانی دەکەن، هەروەها لایەنێکی تری پەیوەندییەکە کاریگەربوونی شارەکانە بە پرۆسەی جیهانگیری، کە لەژێر تەوژمی کردە و گۆڕانکارییەکانی پرۆسەکەدا، شارەکان گۆڕانی بەرچاوی فیزیکی و واتایی دیاریان بەسەردا هاتووە.

لایەنێکیتری کاریگەریی جیهانگیری لەسەر شارەکان، ئەوەیە کە لەسەر ئاستی شیکاریی دیاردە و پەیوەندییە جیهانییەکان، مەنهەجی (جەختکردنەوە لەسەر دەوڵەت) کۆتایی هاتووە و (جەختکردنەوە لەسەر شارەکان) شوێنی گرتۆتەوە، ئەم ئاراستەیە هۆکاربوە بۆئەوەی چەمکی (شارە جیهانییەکان) دەربکەوێت. شاری جیهانی تە نیا بەو واتایە نایەت شارەکان لەسەر ئاستی جیهان دەربکەون و دانیشتوانێکی زۆریان تێدا نیشەجێ ببێت، بەڵکو لەسەر بنەمای کاتریگەریی شارەکان لەسەر پرۆسە جیهانییەکان بوونەتە شاری جیهانی، کە مەبەست لێیان ئەو شارانەن سنووری شوێنیی خۆیان لە چوارچێوەی دەوڵەتدا تێپەڕاندووە، واتە سنووری هەرێمی و نەتەوەییان تێپەڕاندووە و لەگەڵ شارەکانی تردا لە پەیوەندیی ئاڵۆزدان. دەتوانرێت بوترێت لەڕێگەی بانکەکان و یەکگرتنە ئابوورییەکانی بازاڕە نێودەوڵەتییەکانەوە بوونەتە ناوەندی چاودێریکردن و سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی ئابووریی جیهانی، جۆن فریدمان شارە جیهانییەکان لەسەر بنەمای کۆمەڵێک پێوەر ڕیزبەندکردووە، بەگوێرەی ناونیشان و پیشەی داراییِ هەریەک لە شارەکانی (لەندەن، تۆکیۆ)ی بە شاری جیهانی داناوە، بەگوێرەی فرە نەتەوەیی و فرە نەژادی شارەکانی (سەنگاپوور، میامی)ی بە شاری جیهانی داناوە، هەریەک لە پاریس و ساوپاولۆی بە شاری جیهانیی نەتەوەیی گرنگ داناوە، هەروەها شارەکانی شیکاگۆ و میونخی بە شاری جیهانیی نەتەوەیی لاوەکی داناوە **(تایلور، ٢٠٠٤: ٣١)**، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، کە تایلۆر بەجیهانیبوونی شارەکانی لە دیدگای هەمەجۆرییەوە داڕشتووە.

لەم ڕوانگەیەوە بەشێکی شارەزایانی بواری شار و شارسازان لەسەر ئەو بڕوایەن، کە ئەو شێوازە باوە سونەتتیانەی خوێندنەوە و پلاندانان بۆ شارەکان دەکەن، بەتەواوی سنووردارن و کورتدەهێنن، ناکرێت شارەکان وەک یەکەیەکی سنووردار و سەربەخۆ و دابڕاو لە سیستمی جیهان سەیربکرێن، لەبەرئەوەی لە خوێندنەوە و لێکدانەوەی پرۆسە کۆمەڵایەتی-فەزاییە ئاڵۆزەکانی ئەمڕۆی شارەکاندا واقعی نابن و کورتدەهێنن. بۆیە باشترە لەبری ئەوەی شارەکان وەک دابڕاو لە جیهان یان خۆڕسک ببینرێن، جەخت لەسەر ئەو پرۆسە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریانە بکرێنەوە کە لەسەرانسەری جیهانەوە لەڕێگەی پرۆسەی جیهانگیرییەوە فەزای شارەکان بەشێوەیەکی چالاکانە بەرهەمدەهێنن و بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکارییان بەسەدا دەهێنن **(Brenner, 2019: 1-16)**.

کەواتە، ئەگەر بۆچوونەکەی نیل برێنەر بەهەند وەربگرین، دەبێت بگەینە ئەو باوەڕەی، کە شارەکان چیتر شارێکی دابڕا و جیاواز لە سیستمی جیهانی نین، بەو واتایەی ناتوانرێت بە بێ گەڕانەوە بۆ سیستمی جیهانی (بە هەرسێ ڕەهەندی ئابووری و سیاسی و کولتوورییەوە) شیکاری و لێکدانەوە بۆ پێکهاتە و ڕۆڵی ناوخۆیی و هەرێمی شارەکان بکرێت، بەڵکو دەبێت لە گۆشەنیگایەکی فراوانترەوە، واتە بە دیدگایەکی تەواو جیهانییەوە لە شار و پرۆسە و پیکهاتەکانی ناوی بڕوانرێت و لێکدانەوەیان بۆبکرێت.

خاڵی گرنگیی پەیوەندیی نێوان جیهانگیری و شار ئەوەیە، کە جیهانگیری لە شارەکاندا ڕوودەدات، بەتایبەتی لە شارە گەورەکاندا، هەریەک لە: (سیستەمی جیهانی بەرهەمهێنان، بازاڕ، داراییِ، خزمەتگوزاری، پەیوەندی، کولتوور و سیاسەت) لە ڕێگەی تۆڕی جیهانی شارەکانەوە سەرهەڵدەدەن و کاریگەری لەسەر ئاوەدانکردنەوەی شارەکان لە سەرانسەری جیهاندا دادەنێن. فاکتەری سەرەکیی کاریگەربوونی شارەکان بەجیهانگیری، زیادبوونی پەیوەندی و وابەستەیی شارەکانە بە ڕەوتە جیهانییەکانەوە، چونکە شارەکان زیاتر بەر کاریگەرییە جیهانییەکان دەکەون. زیادبوونی ڕەوتە ئابووری و کولتووری و سیاسییەکان لەسەر ئاستی جیهانی مەرجێکی پێشینەیی گرنگە بۆ

تێگەیشتن لەو گۆڕانکارییانەی لە سەرانسەری جیهاندا بەسەر شارەکاندا دێن **(هانك، 2002: 18)**.

لە ڕاستیدا لێکۆڵینەو هەڵوێستەکردن لەسەر کارکردی هاوبەش و داینامیکی هێزە ناوخۆیی و جیهانییەکان لە هەندێک شاردا بە گرنگترین هۆکاری گەشەسەندنی توێژینەوە شارییە هاوچەرخەکان دادەنرێت، چڕکردنەوەی تێگەیشتنەکان لە شارەکان دەبێتە هۆی ئەوەی شیکارییەکی ڕاستەقینەی پرۆسەی جیهانگیری، چونکە شارەکان وەک شوێنی ستراتیژی و ناوەندی پرۆسەکان لە جیهانێکی سەرتاسەریدا کاردەکەن و ڕۆڵدەگێڕن **(شورت وکیم، ٢٠٠٥: ١٣)**.

خشتەی (2-1)، ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە فاکتەرێکی سەرەکی لە گۆڕانکارییەکانی شارەکاندا بریتییە لە زیادبوونی پەیوەندی و وابەستەیی شارەکان بە ڕەوتە جیهانییەکانەوە، زیادبوونی ڕەوتی ئابووری و ڕۆشنبیری و سیاسی لەسەر ئاستی جیهان مەرجێکی پێشوەختەیە بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانی شارەکان لە سەرانسەری جیهاندا. لە ڕاستیدا داینامیکی هاوبەشی هێزە ناوخۆیی و جیهانییەکان لە هەندێک شاردا بە گرنگترین پەرەسەندنی لێکۆڵینەوە شارییە هاوچەرخەکان دادەنرێت، گرنگیدان بە شارەکان لەبری شیکردنەوەی ڕاستەقینەی پرۆسە جیهانییەکانن، لەبەرئەوەی شارەکان بەشێوەیەکی کردەیی جێگرەوەی شوێنە ستراتیژییەکانی جیهانن. کاریگەرییەکانی ڕەوتە ئابوورییە جیهانییەکان لە داڕشتنەوەی ئابووری شارەکان و گۆڕینی شێوازی فەزای شارەکان و نوێکردنەوەی پێگەی شارێک لە ئابووری جیهانیدا زۆرترین لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە.

**خشتەی (2-1)**

**دەربڕینە نوێیەکانی ئێو ئەدەبیاتی بەجیهانیبوون و گۆڕانکاریی شار**

| ژ. | بوار (مژار) | گوزارشت و دەربڕینەکان |
|---|---|---|
| ١. | هێز و گوتاری جیهانی | چاودێریی جیهانی |
| | | لۆژیکی جیهانی |
| | | گەڕانی جیهانی |
| | | جیهانی؛ جیهانگەرایی |
| | | وتووێژی جیهانی |
| | | باسکردنی جیهانی |
| | | بە ماکدۆناڵدزبوون |
| | | کۆمەڵگەیەکی شاریی فرەنەتەوە |
| ٢. | بارودۆخی دارایی جیهانی | کۆتایی جوگرافیا؛ بژاردەی جیهانیی ئەودیو سنوورەکان |
| | | سەرمایە |
| | | دراوی پۆستمۆدێرن، دەوڵەتی تارمایی |
| | | دراوی جیهانی |
| | | دراوە نادەوڵەتییەکان |
| ٣. | هەرەمی پلەبەندیی شارە جیهانییەکان | ماتریسە جیهانییەکان |
| | | خشتەی خولیی شارەکان |
| ٤. | شارە جیهانییەکان | خاڵە بنەڕەتییەکان |
| | | ناوەندە مارشاڵییە نوێیەکان |
| | | بەرەی ئۆفیسە جیهانییەکان |
| | | شارە دەروازەییەکان |
| | | بریکاری مامەڵە بازرگانییەکان |
| | | توانای کێبڕکێیی جیهانی |
| | | دامەزراوەییەکی چڕ |
| | | هەرێمایەتیبوون |
| | | شاری بەجیهانیبوو |
| ٥. | زانیاری و پەیوەندییەکان | فەزای زانیارییە نوێیەکان |
| | | تۆڕبەندی شارەکان |
| | | شارێکی جیهانی بەدەوری کاتدا |
| | | فەزای شاریی ئەلیکترۆنی، شاری پەیوەندیی ئەلیکترۆنی |
| | | شاری بەئاگا، شاری زیرەک، شاری تێلیاتیک |
| ٦. | بە جەمسەرییبوونی کۆمەڵایەتی | شاری دوانەیی: دوو شار |
| | | پەراوێزخستن، پەراوێزنشینی شاری |
| | | شارە دابەشکراوەکان (بەگوێرەی ئاستی کۆمەڵایەتی و دارایی) |
| ٧. | جیهانی / ناوچەیی (لۆکاڵی) | پەڕینەوە بۆ جیهانی؛ خەونی جیهانی |
| | | خۆجێیی بوون |
| | | چەسپینی لۆکاڵی-ناوچەیی |
| | | دووبارە هەرێمایەتیبوون |
| | | دژیەکی جیهانی |
| | | جیهاد لە بەرانبەر جیهانی ماکدا |

Source: (Short & Kim, 1999: 10)

لەدوای جیهانگیری و سەردەمی لێشاوی زانیارییەوە، شارەکان دەبنە گرێی ناوەندی لە تۆڕێ زانیاری و پەیوەندیی جیهانیدا، سەرهەڵدانی تۆڕە دیجیتاڵییەکان شارەکانی بۆ ناوەندی پەیوەندیکردن گۆڕیوە، کە زانیارییەکان بە خێرایی لە شارەکانەوە لێشاو دەکەن و کاریگەرییان لەسەر کارلێکە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان دەبێت. هەروەها هەریەک لە جیهانیبوون و داینامیکی ناوخۆیی شارەکان وەک کاراکتەرێکی سەرەکی لە ئابووری جیهانیدا دەردەکەون، بەجۆرێک تۆڕی کۆمەڵگەی جیهانی گرنگی ئابووری و کولتووری شارەکان بەرزتر دەکەنەوە، بەڵام نادادپەروەری نێوان ناوچە شارییە جیاوازەکانیش گەورەتر دەکەن، بەو واتایەی پلەبەندیی ئابووری و کۆمەڵایەتیی جیاوازی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لە بەشە جیاوازەکانی شاردا سەرهەڵدەدات. بەشێکی تری کاریگەریی شۆڕشی تەکنەلۆجی و جیهانگیری گۆڕانکاریکردنە لە فەزای گشتی و بواری کۆمەڵایەتیی شارەکاندا، سەرهەڵدانی تەکنەلۆژیای زانیاری بووەتە هۆی فۆڕمی نوێی ڕێکخستنی فەزایی لەناو شارەکاندا، ئەمەش گەشە بە تەکنۆپۆلەکان دەدات (ئەو ناوچە شارییانەی سەرنجیان لەسەر تەکنەلۆژیایە)، بێگومان دواجار گۆڕانکاری لە داینامیکی خانووبەرە و سەرهەڵدانی دابەشکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە نوێیەکانی لێدەکەوێتەوە. بەو واتایەی دابەشبوونی دیجیتاڵی بەشدارە لە جەمسەرگیری کۆمەڵایەتی لەناو شارەکاندا، ئەمەش دەبێتە هۆی دابەشبوونی هاوشارییان لە نێوان (دانیشتوانی دەوڵەمەند بە زانیاری و دانیشتوانی هەژار بە زانیاری). لەکۆتایدا هەموو ئەم ئەنجامانە لە ڕێکخستنەوەی فەزای شارەکاندا ڕەنگدانەوەیان دەبێت. ژێرخانی دیجیتاڵی و تۆڕە مەجازییەکان کارلێک و بەریەککەوتنی خەڵک و شێوازی کارکردن و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و کاتبەسەربردن بەشێوازی جیاوازتر لە جاران لەقاڵبدەدەنەوە **(کاستلز، ٢٠١٠: ٤٤٠-٤٤٥)**.

بەجیهانیبوونی شار لە دیدگا و ڕوانگەی قوتابخانە جیاوازەکانەوە، خوێندنەوە و تێگەیشتنی جیاوازی دروستکردووە، بەشێك لەو دیدگایانە بریتین لەمانەی خوارەوە:

### 2-2-1- بەجیهانیبوونی شار لە دیدگای لیبراڵەکانەوە

لیبراڵەکان لە پرۆسەی بەجیهانیبوونی شارەکاندا، بۆچوون و تێڕوانینێکی گەشبینانەیان هەیە، بەوەی شاری جیهانی و کراوە بەڕووی پرۆسە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا هۆکارێکە بۆ ئەوەی بەردەوام لەڕێگەی چین و گرووپ و کەسانی داهینەرەوە گەشە بە بورای ئابووری شارەکان دەدرێت، ئەمەش ڕێگە خۆشکەرە بۆ

ئەوەی ئاسانکاری کولتووری و پێکەوەژیان و ڕێکخستنی فەزای گشتی شارەکان و گەڕەکەکان بێتە کایەوە، واتە گەرەبوونی شارەکان و بەجیهانیبوونیان هەرچەندە گرفت و لێکەوتەی نەرێنی بۆ هاوشارییان دەهێنن، بەڵام لەهەمان کاتیشدا هۆکارێکن بۆ ئەوەی لەڕێگەی تۆڕبەندیی شارەکان و سودوەرگرتن لە بەهرەو توانای داهێنەرانەی کەسانی شارەزاوە بەسەر گرفتەکاندا سەرکەون، چونکە لەم شارانەدا سیستمی گواستنەوەی پێشکەوتوو، هێزی کاری کارامە، تەکنەلۆژیا و بەهرەکان هەموویان پێکەوە بەردەستن، هەروەها خزمەتگوزاریی کولتووری وەک شانۆ و مۆزەخانە و ژیانی شەوانە و سینەما و فەزا جۆراوجۆرەکانی ناویان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە ڕاکێشان و ڕاگرتنی بەهرەمەند و داهێنەرەکاندا، ئەمەش گونجاوی و سەرنجڕاکێشیی زیاتر بە شارەکان دەدەن **(Florida, 2012: 76)**. هەروەها تەختبوونی جیهان و نەمانی بەربەست لەنێوان دەوڵەتان و شارە جیهانییەکاندا، ڕێگە بە زیادکردنی پەیوەندی و هاوکاریی جیهانی دەدات، تەنانەت تاک دەتوانێت لەڕێگەی پەروەردەی نوێوە کارامەیی نوێ بەدەستبهێنن، بۆ بەڕێوەبردنێکی هۆشیارانەی شار، بەتایبەت دوای ئەوەی تەواوی شار و دەوڵەتان پێکەوە پەیڕەوی لە ڕێکارەکانی دەستەبەرکردنی پەرەپێدانی بەردەوام بکەنەوە و هەماهەنگی و تەواوکاریی لە نێوانیاندا هەبێت، بۆ ئەوەی پێکەوە بەرەنگاری قەیرانە جیهانیەکان ببنەوە **(Friedman, 2007: 134)**.

## 2-2-2- بەجیهانیبوونی شار لە دیدگای مارکسی و ڕادیکاڵەکانەوە

لە ڕوانەگە و تێڕوانینی جوگرافیناس و کۆمەڵناسانی مارکسی و ڕادیکاڵەوە - بەجیهانیبوونی شارەکان- هێندەی تر کێشەی نێو شارەکانی قوڵتر و ئاڵۆزتر کردۆتەوە، ئەگەر پێش پرۆسەی جیهانگیری نایەکسانی دابەشکردنی خزمەتگوزاری، نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، تێکچوونی کولتووری و بەرزیی مەودای ئاستی دارایی شارنشینان هەبووبێت، ئەوا دوای جیهانگیری و بەجیهانیبوونی شار هێڵی شیکاریی ئەم کێشانە ئاڵۆزتر بوونەتەوە، (Saskia Sassen) کە کۆمەڵناسێکی هۆڵەندی-ئەمریکییە و پرۆفیسۆرە لە زانکۆی کۆڵۆمبیا لە شاری نیویۆرک، ئاماژە بەوە دەکات شاری جیهانی بووەتە فەزای داینامیکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری جیاواز، هەموویان تێیدا یەکتر دەبڕن و کارلێک دەکەن، کەواتە هێڵی شیکارییان ئاڵۆزتر کردووە، هەریەک لە هێڵەکان تیشک دەخەنە سەر ئاڵۆزییەکانی ژیانی شارەکان، لەبەر ڕۆشنایی ئەو گرژیانەی کە لە جیهانگیرییەوە سەریانهەڵداوە، بۆیە گەر بمانەوێت بەوردی لە دیاردە و گرفتی شار و شارنشینان بکۆڵینەوە، پێویستمان بە فرە ڕەهەندی و هێڵەکانی شیکارییە، کە بێگومان پرۆسە جیهانییەکانی دوای جیهانگیری شیکاریی دۆخەکانیان ئاڵۆزترکردووە **(ساسن، 2010: 139)**.

کەواتە لە ڕوانگەی مارکسیستی و ڕادیکاڵەوە، جیهانگیری شارەکان دیاردەیەکی ئاڵۆز و دژیەکە. لە کاتێکدا دەتوانێت دەرفەت بۆ گەشەی ئابووری و ئاڵوگۆڕی کولتووری دروست بکات، بەڵام تادێت نایەکسانی گەورەتردەکات، کۆمەڵگاکان ئاوارە دەکات و ناسنامە ناوخۆییەکان دەسڕێتەوە، تێگەیشتن لەم داینامیکیانە زۆر گرنگە بۆ پەرەپێدانی ئەو ستراتیژانەی کە ئامانجیان پەروەردەکردنی ژینگەی شارستانی دادپەروەرانەترە بۆ تەواوی شارنشینان. ئەوان دەپرسن: ئایا پێکهاتە و باڵەخانە و شەقام و ئۆتۆمبیل و ژاوەژاوەکانی شارێک گرنگترە، یان دانیشتووانەکەی؟ ئایا ئەو پرۆسانەی لەناو شارە جیهانییەکاندا بەڕێوەدەچن خزمەت بە چینێکی کەمینەی سەرمایەدار دەکەن، یان تەواوی دانیشتووانەکەی؟ ئایا کۆچکردنی کەمدەرامەت و کرێکارانی شار بۆ ناوچە پەراوێزەکان و کەناری شارەکان کۆچێکی ئارەزوومەندانەیە، یان لەژێر کاریگەریی زەبرە ئابووری و سیاسیەکاندا دەکرێت؟ بەرزیی کرێی خانوو، دەستبەسەردا گرتنی موڵک و ماڵ. ئەوان دەڵێن سەرمایەدار و خاوەن کارەکان جگە لەوەی هەژاران و کرێکاران بەزۆر لە شارەکانەوە بە ئاراستەی کەنارنشین پاڵپێوەدەنێن، هەموو بەیانییەک ناچارن دیسانەوە بەئاراستەی شارەکان بێنەوە و ژیانی کەسانی سەرمایەدار ڕێکبخەن و لە بەرانبەر پاداشتێکی کەمدا ئاگاداری منداڵەکانی ئەوان بن، تاکو بتوانن لە واڵستریت و باڵەخانە جیهانییەکانی ناو شار پرۆسەی ئابووریی جیهانی هەڵبسوڕێنن ( **Bridge and Watson, 2010: 168-171**). ئەمەش جۆرێکە لە نادادپەروەریی ژیان لە شارە جیهانییەکاندا، کە نیولیبراڵەکان سازاندوویانە. لە ڕوانگەی مارکسیستییەوە، جیهانگیری شارەکان بە پلەی یەکەم بەهۆی پێداویستییەکانی کەڵەکەبوونی سەرمایەوە دروستبوون. شارەکان دەبنە خاڵی سەرەکی بۆ وەبەرهێنان و سەرمایە لە سەرانسەری جیهانەوە ڕادەکێشن، ئەمەش زۆرجار دەبێتە هۆی پاڵپێوەنان و ئاوارەبوونی دانیشتوانی کەم داهات. سەرەڕای ئەوەش مارکسیستەکان جەخت لەسەر ڕۆڵی خەباتی چینایەتی دەکەنەوە و دەڵێن جیهانگیری شارەکان نایەکسانی نێوان نوخبەی دەوڵەمەند و چینی کرێکار توندتر دەکات، ئەم نایەکسانییە گەشەسەندووە دەتوانێت ببێتە هۆی نائارامی کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدانی ئەو بزووتنەوانەی داکۆکی لە یەکسانی دەکەن. جگە لە دەرکەوتنی دیاردەی (نابەرانبەریی شوێنی)؛ لەگەڵ پەرەسەندنی ئابووری جیهانی، دەکرێت پەیوەندی نێوان شوێنەکانی کار و ئەو شوێنانەی کە دانیشتوانی کەم داهاتیان تێدا دەژین، پچڕان هەبێت، ئەمەش هەژاری زیاتر دەکات و دەستڕاگەیشتن بە دەرفەتە ئابوورییەکان سنووردار دەکات. لە کۆتاییدا، بە کاڵاکردنی فەزای شارەکان لە ژێر جیهانگیریدا دەبێتە هۆی نامۆبوون لەنێو دانیشتوواندا، چونکە ڕەنگە فەزای گشتی بە تایبەت بکرێت، ئەمەش دەرفەتەکانی بەشداریکردنی کۆمەڵگا کەمدەکاتەوە و گۆشەگیری کۆمەڵایەتی بەهێزتر دەکات. **(هارڤی، ٢٠24: 192)**.

لە لایەکی دیکەوە دیدگا نیومارکسیست و ڕادیکاڵەکان جەخت لەسەر ڕۆڵی فاکتەرە سیاسی و دامەزراوەییەکان لە دارشتنی فەزای شارەکاندا دەکەنەوە، کە زۆرجار بە ئابووری سیاسی شار ناودەبرێت، لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە چۆن حکومەت و سیاسەتە ناوخۆییەکان ئاسانکاری یان ڕێگری لە پرۆسەکانی جیهانگیری دەکەن. لەم ڕوانگەیەوە (تیۆری شارە جیهانییەکان)یان پەرەپێداوە، کە گریمانە دەکات کە هەندێک شار وەک ناوەندی فەرمان بۆ چالاکییە ئابوورییە جیهانییەکان کاردەکەن، لە کاتێکدا ئەم شارانە ڕەنگە گەشەیەکی خێرای ئابووری بەخۆیەوە ببینن، بەڵام ڕووبەڕووی زیادبوونی نایەکسانی و پارچەپارچەبوونی کۆمەڵایەتیش دەبنەوە. جگە لەوەش، نیومارکسیستەکان ئاماژە بە سەرونەتەوەیی دەکەن، سەرنجیان لەسەر ئەوەیە چۆن ڕەوتی جیهانی مرۆڤ و کاڵا و سەرمایە کاریگەری لەسەر بارودۆخی ناوخۆیی شارەکان هەیە ( **Sassen, 1991: 194**). ئەم دیدگایە جەخت لەسەر پەیوەندیی نێوان پرسە شارییەکان دەکاتەوە لە سنوورەکانەوە. لە کۆتاییدا، نیومارکسیستەکان جەخت لەسەر بەرخۆدان و ئاژانس دەکەنەوە لە نێوان دانیشتوانی شارەکاندا، بزووتنەوەکانی بنەڕەتی، دەستپێشخەرییەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی کۆمەڵگا وەک وەڵامێکی گرنگ بۆ کاریگەرییە نەرێنییەکانی جیهانگیری شارەکان دەناسێنن.

## 2-2-3- بەجیهانیبوونی شار لە دیدگای ژینگەگەراکانەوە

لە ڕوانگەی ژینگەپارێزانەوە جیهانگیری شارەکان، هاوشێوەی یارییەکی ئاڵۆزی نێوان دەرفەت و ئاڵنگارییەکانە، کە کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر بەردەوامی (درێژخایەنی)ی شارەکان و تەندروستی ئیکۆلۆژی هەیە. لەگەڵ زیاتر پەیوەستبوونی شارەکان لە ڕێگەی تۆڕە جیهانییەکانەوە، تووشی زیادبوونی چڕی دانیشتووان و چالاکییە ئابوورییەکان و ئاڵوگۆڕی کولتووری دەبنەوە **(البیر، 2004: 336)**، ئەم دیاردەیە

دەتوانێت هەم دەرئەنجامی ژینگەیی ئەرێنی و هەم نەرێنی لێبکەوێتەوە، لە لایەکەوە جیهانگیری ئاسانکاری دەکات بۆ گواستنەوەی تەکنەلۆژیای سەوز و پراکتیزە بەردەوامەکان لە سنوورەکانەوە، ئەمەش ڕێگە بە شارەکان دەدات چارەسەری داهێنەرانە بگرنەبەر بۆ کەمکردنەوەی شوێنپێی ژینگەیی خۆیان. بۆ نموونە، ناوچە شارییەکان دەتوانن سیستەمی پێشکەوتووی بەڕێوەبردنی پاشماوە، دەستپێشخەرییەکانی وزەی نوێبووەوە و دیزاینی ژێرخانی سەوز کە لە باشترین پراکتیزە جیهانییەکانەوە سەرچاوە دەگرن، جێبەجێ بکەن، جگە لە هاوبەشکردنی زانیاری و سەرچاوەکان لە نێوان شارەکاندا دەتوانێت هەوڵی هاوبەش لە چارەسەرکردنی گۆڕانی کەشوهەوا و بەرزکردنەوەی خۆڕاگری لە بەرامبەر تێکچوونی ژینگەدا پەرەپێبدات.

ژینگەپارێزان هەموو جار بە تەنیا تیشک ناخەنە سەر لایەنە ئەرێنییەکانی بەجیهانیبوونی شار- بەڵکو دیوە تاریکەکەی جیهانگیریی شارەکانیش ناشارنەوە، بەتایبەتی توندبوونەوەی قەیرانە ئیکۆلۆژییەکان لەو ناوچانەی بەشێوەیەکی خێرا بەشاریبوونیان تێدا ڕوودەدات، زۆرجار زیادبوونی جیهانگیری دەبێتە هۆی هەڵکشانی شێوازەکانی بەکاربردن کە گەشەی ئابووری لە پێشینەی کارەکانیاندایە لەبری بەڕێوەبردنی ژینگەیی. ئەم داینامیکە دەتوانێت ببێتە هۆی زیادەڕۆیی لە قۆرغکردنی سەرچاوە سروشتییەکان، پیسبوونی بەرفراوان و لەدەستدانی شوێنی نیشتەجێبوونی بەرچاو لەگەڵ فراوانبوونی شارەکان بۆ جێگیرکردنی گەشەسەندنی دانیشتووان و چالاکییە ئابوورییەکان **(Salahuddin et al., 2019)**.

جگە لەوەش جیهانگیری شارەکان دەتوانێت بەشداری بکات لە دیاردەی فراوانبوونی شارەکان کە ئاستەنگی بەرچاوی ژینگەیی دروست دەکات. لەگەڵ فراوانبوونی شارەکان بۆ دەرەوە بۆ جێگیرکردنی گەشەی ئابووری، زۆرجار شوێنی نیشتەجێبوونی سروشتی دەکرێنە قوربانی بۆ پێشکەوتنی نوێ، ئەمەش دەبێتە هۆی لەدەستدانی جۆراوجۆری زیندوو و زیادبوونی دەردانی گازی گەرمخانەیی لە گواستنەوە. ژینگەپارێزان دەڵێن ئەم بڵاوبوونەوەیە نەک هەر ئیکۆسیستەمی شارەکان تێکدەدات بەڵکو هەوڵەکان بۆ دروستکردنی سیستەمی گواستنەوەی گشتی بەردەوام ئاڵۆز دەکات، ئەمەش وابەستەیی بە ئۆتۆمبێل و دەردانی کاربۆنی زیاتری لێدەکەوێتەوە ( **Ebrahimi et al., 2021: 11**).

کەواتە دەتوانین بڵێین ژینگە گەراکان زیاتر دەیانەوێت لەنێوان دەرفەت و ئاڵنگارییەکانی بەجیهانیبوونی شارەکاندا هاوسەنگییەك دروستبکرێت، تاکو لەڕێگەیەوە دەرفەتی گەشەسەندن بڵاوبکرێتەوە، لە هەمان کاتدا ڕووبەڕووی ئەو ئاڵنگارییە نەرێنییە ژینگەییانەش ببنەوە، کە شارەکان هۆکاری دروستبوونیانن.

## 2-3- جیهانگیری و مۆرفۆلۆجیی شار

### 2-3-1- مۆرفۆلۆجیی شار

ئەگەر پێناسەیەکی کلاسیکی بۆ مۆرفۆلۆجیی شار بکەین، دەتوانین بڵێین کە مۆرفۆلۆجیی شار بریتییە لە خستنە بەرباسی بەسیستەماتیکبوی فۆرم و شێواز و دیزاینی شار و دەورووبەری، بەگوێرەی ئەم پێناسەیە دەکرێت گەشەکردن و کارکردی شاریش بگرێتەوە، لەنێوان ساڵەکانی ١٩٤٠-١٩٥٠ جوگرافیناسانی ئینگلیز لە مۆرفۆلۆجیی شاریان کۆڵیوەتەوە، لە جوگرافیای شاردا بە (بەرکەوتنی مۆرفۆلۆجی لە جوگرافیای شار) ناویانبردوە، لە ساڵی ١٩٥٥ جوگرافیناس (Smailes) پلەبەندیی لاندسکێپە شارییەکانی خستۆتە بەرباس، بە بۆچوونی ئەو لاندسکێپە شارییەکان دروستدەبن لە سێ هۆکاری کاریگەرەوە، کە بریتین لە **(شكوئی، ٢٠٠٤: ٢٥٧)**:


- دیزاین و ئاراستەی شەقامەکان
- بەکارهێنانەکانی زەوی
- شێوە و دیزاینی باڵەخانەکان

مۆرفۆلۆجیای شار بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە فۆرم و پێکهاتە و شێوازی دەرکەوتەی جەستەی فیزیکی شار و ناوچە شارییەکان. لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە شارەکان چۆن ڕێکخراون، چۆن گەشە دەکەن و دەگۆڕدرێن بە تێپەڕبوونی کات و ئەو هۆکارانەی کە نەخشە شوێنییەکانیان لە قاڵب دەدەن. مۆرفۆلۆجیای شارەکان لە ڕێکخستنی بینا و شەقام و شوێنی کراوە و توخمەکانی دیکە کە پەیکەری شار پێکدەهێنن دەکۆڵێتەوە. ئەو پێکهێنەرانەی کە لە کۆتایی شێوەگرتنی شاردا مۆرفۆلۆجیی هەر شارێک دەنەخشێنن، کە هەریەکێک لەم توخمانە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە بۆ داڕشتنی فۆڕمی گشتی شارەکان، کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتی گەشەکردن و کارکردنی شارەکان هەیە **(Oliveira, 2016:7)**، تێگەیشتن لە مۆرفۆلۆجیای شارەکان بۆ پلاندانەرانی شار، تەلارساز و داڕێژەرانی سیاسەت زۆر گرنگە، بەتایبەت لە دروستکردنی ژینگەیەکی شارستانی بەردەوام و گونجاو بۆ ژیان. گرنگترین پێکهێنەرەکانی مۆرفۆلۆجیی شار بریتین لەمانەی خوارەوە:

#### شانە (قاڵب)ی شاری (Urban Tissue)

لە ئاستێکی گشتیدا شار لە یەکگرتنی کۆمەڵێک شانەی شاری پێکهاتووە. ئەم شانە شارییانە شەقام و بلۆکی شەقامەکان دروستیاندەکەن. ئەگەر زۆرتر وردبکرێتەوە ڕەنگە شانە کۆمەڵێک وردەکاری وەک کەرەستەی بیناسازی شوێنی کراوە یان بینایەک لەخۆبگرێت. بەگشتی هەموو شارەکان و شانەکانیان لە کۆمەڵێک توخم لە فۆڕمی شاردا پێکدێن- شەقام، بلۆکی شەقام، پارچە زەوی و بینا. بەڵام لە هەر شارێکدا هەریەک لە شەقام و بلۆکی شەقام و پلۆت و بیناکان بە شێوەیەکی دیاریکراو کۆدەکرێنەوە و جۆرە جیاوازەکانی شانە پێکدەهێنن، هەندێک لەو شانانە بە ڕوونی دەناسرێنەوە و توانای ئەوەیان هەیە سیمایەکی ناوازە پێشکەش بە شار بکەن، هەریەکێک لەم شانانە بەهۆی فاکتەری "کات"ەوە قووڵتر دەبنەوە، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە شارەکانمان بەڕاستی دەرئەنجامی پرۆسەیەکی درێژخایەنی بیناسازین، کە بەدرێژایی سەدەکان پەرەیان سەندووە **(Verma, 2008: 118)**، چینە تازەکان بەردەوام دەکەونە سەریەک بەبێ ئەوەی چینەکەی پێشوو بسڕنەوە. کەواتە شانەکانی شار بریتین لە پارچە قوماشی فیزیکی شارەکە، هەموو ڕێکخستن و پەیوەندی بینا و شەقام و شوێنە کراوەکان دەگرێتەوە. هەم چڕی و هەم شێوازەکانی گەشەکردن لەخۆدەگرێت **(بن غضبان، 2015: 151)**، تێگەیشتن لە شانەکانی شار یارمەتیدەرە لە شیکردنەوەی چۆنیەتی کارلێککردنی ناوچە جیاوازەکانی شارێک و پێکەوە کارکردنیان. شێوەی (2-2) چەند نموونەیەکی لە شانەی شاری نیشانداوە، کە پێکهاتوون لە شانە و قاڵبی شێوە ئەندازەیی لەناوەوەی تۆڕی شەقام و کۆڵانەکاندا ڕووبەری ئاوەدانی و بەکارهێنانەکانی زەوی دەنوێنن.

**شێوەی (2-2)**
**چەند نموونەیەک لە شانەی شاری**




**Source: (Wang, Dominique and Adolphe, 2017)**

## زەمینەی سروشتی (The Natural Context)

زەمینەی سروشتی، تایبەتمەندیی جوگرافی و ژینگەیی ئەو زەویەی شارەکەی لەسەر بنیاتتراوە لەگەڵ دەوروبەری شار لەخۆدەگرێت، هەریەک لە تۆپۆگرافی، کەشوهەوا، رووەک و ڕێڕەو و رووبەرە ئاویەکان دەگرێتەوە، زەمینەی سروشتی کاریگەری لەسەر دیزاینی شارەکان هەیە، چونکە شارەکان دەبێت خۆیان لەگەڵ ژینگەی فیزیکی شوێنی دروستبوونیاندا بگونجێنن، هەروەها کاریگەریی هەیە لەسەر ئاسانیی گەیشتن لەنێوان بەشەکانی شار، ڕێکخستنی ئاوەڕۆ، لەگەڵ تەواوکاریی رووبەری سەوزایی **(هاجیت، 1996: 415)**. بۆنموونە تایبەتمەندییە سروشتییەکانی وەک رووبار و گرد و شوێنە سەوزەکان، کەناراوەکان.

ئەگەر لە شێوەی (2-3) بڕوانرێت، دەتوانرێت ئەوە هەست پێبکرێت کە هەریەك لەو زەمینە سروشتی (شێوەی ڕووی زەوی)یانە دەتوانن بڕیار لەسەر شێوەگرتنی مۆرفۆلۆجیی ئەو شارە بدەن کە لەسەریان هەڵکەوتوون. بەجۆرێك گرد و بانەکان ئاوەدانیی بەرز دروستدەکەن، کەناراوەکان هەمان شێوەی خۆیان بەشارەکە دەدەن، ڕووبارەکان سنووری ئاوەدانییەکان کەرت دەکەن.

**شێوەی (2-3)**
**چەند نموونەیەک لە زەمینەی سروشتیی شار**




**Source: (Oliveira, 2016: 12-13)**

## سیستمی شەقامەکان (Streets System)

سیستمی شەقامەکان، بریتین لە تۆڕی ڕێگاوبان و ڕێڕەوی فەزای گشتی لە شارەکاندا، کە جووڵە و هاتوچۆ لەناو ژینگەی شاردا ئاساندەکەن، پلەبەندی شەقامەکان (ڕێگا سەرەکییەکان، شەقامە ناوخۆییەکان، کۆڵانەکان) و هێڵەکانی تری پەیوەندیکردنیان لەخۆدەگرێت، سیستمێکی شەقامی باش دیزاینکراو جووڵە و سەلامەتی و ئاسانیی گەیشتن دەستەبەر دەکات، بێگومان ئەمانەش جوڵەی خەڵک و چالاکیی و لێشاوی کاڵاکان لە شاردا مسۆگەردەکەن، نەخشەی تۆڕەکانی شەقامەکان بەرئەنجامی پەیوەندی و پلەبەندی نێوان ڕێگا سەرەکییەکان بەرامبەر شەقامە لاوەکییەکانن، لەگەڵ ڕێڕەو و مەیدانەکانی پیادەڕەوی و ڕێگا بازرگانییە قەرەباڵغەکاندا **(تیبالدز، 2012: 66)**. ئەم سیستمە لەدوای زەمینەی سروشتییەوە گەورەترین ڕەنگدانەوەی لەسەر دەرکەوتەی شار هەیە، هەریەک لە شانەی شاری و پلۆت و سیستمی بیناسازی پێکەوە گرێدەدات و مۆرفۆلۆجیی شار بەشێوەیەکی لە قاڵبدراو دەنەخشێنێت. واتە هاوشێوەی هێلکارییەکی پێشوەختەی ڕەنگرێژکردنی دەرکەوتەی شارەکان ڕۆڵدەبینێت. شێوەی (2-4) تۆڕی شەقامەکانی بەشێك لە شارەکانی جیهانی نیشانداوە، ئەم تۆڕانە جۆرێك لە هێلکاری بۆ دەرکەوتەی شارەکە دروستدەکەن، کە لە کۆتایدا شێوە و مۆرفۆلۆجیی شارەکان دەنەخشێنن و دیزاینی ئاوەدانییەکان و بەشەکانی تر لەقاڵب دەدەنەوە.

**شێوەی (2-4)**
**چەند نموونەیەک لە سیستمی ڕێگاوبانی شار**





https://geoffboeing.com/2019/11/big-data-urban-morphology/ Source:

## سیستمی پارچە زەوییەکان (Plots System)

سیستمی پارچە زەوی، بریتییە لە دابەشکردنی زەوی بەسەر پارچە یان زەویی دیاریکراو کە بۆ بەکارهێنانی تایبەت تەرخانکراون، وەک نیشتەجێبوون، بازرگانی، تەندروستی، پەروەردەیی، یان پیشەسازی، ئەم پارچە زەویانە خاوەندارییان بۆ شارنشینان دەگەڕێتەوە، ڕێکخستنیان کاریگەری لەسەر شێوازی بەکارهێنانی زەوی و بەهای موڵک و شێوازی گشتی گەڕەکەکان هەیە، ئەم پلۆتانە لە سەردەمە کۆنەکاندا، کە شارەکان بەپێی پلان گەورەدەبوون، کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ئاراستەی گەشەکردنی شار و شێوەی شارەکان هەبووە، زۆرجار ڕێسا لۆکاڵییەکان ڕەوتی پەرەپێدانی سیستمی پارچە زەوییەکان ئاراستەدەکەن **(Oliveira, 2016:7)**. لە نموونەی پارچە زەوییەکان لە شێوەی (2-5)دا خراونەتەڕوو، پارچە زەوییەکان بەشی بچووکی پارچەکانی شارن، دەکرێت بەشێکبن لە شانەی شاری یان جیاواز و

سەربەخۆبن، ئەو کەلێن و بۆشاییانە پڕدەکەنەوە، کە لەنێوان پێکهاتەکانی تری مۆرفۆلۆجیی شارەکاندا هەن.

**شێوەی (2-5)**
**چەند نموونەیەک لە پارچەی زەویی شارەکان**




**Source: (Kordi & Ahmed, 2023: 19).**

## سیستمی بیناسازی (Buildings System)

سیستمی بیناکان، زیاتر پێکهاتە تەلارسازییەکانی ناو دیمەنی شارەکان دەگرێتەوە، ئەمەش دیزاین و بەرزی لەگەڵ بەشە گەورە و کارکردی بیناکان دەگرێتەوە، کە بەشدارن لە دروستکردنی ستوون و کوالیتی جوانکاری و شوناسی کولتووری شاردا. هەروەها کاریگەری لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی فەزاکان و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان و ئەزموونی گشتی شارەکان هەیە، وێنەی بیناکان کە شێوازی تەلارسازی و بەرزی جیاواز پیشان دەدەن، لەگەڵ هەریەک لە دیاگرامی بەراوردکردنی شوێنپێی بینا و پەیوەندییان بە فەزای دەوروبەرەوە لە گرنگترین پێکهێنەرەکانی ئەم سیستمەن. شارەکان بەگوێرەی شوێنگەی جیهانی و ئاستی پێشکەوتنی ئابووری و کومەڵایەتییان، شێواز و بەرزیی تەلارسازیی جیاواز لەخۆدەگرن، بەشێکی شارە نا جیهانییەکان لە وڵاتانی جیهانی سێ و تازەپێگەیشتوودا، زۆرینەی سیستمی بیناسازییان بەشێوەی ئاسۆیی و نیمچە ستوونی شێوەیان گرتووە، بە پێچەوانەوە شاری وڵاتانی پێشکەوتوو، کە بوونەتە شارێکی جیهانی و لە سیستمی ئابووریی جیهانیدا ڕۆڵیان هەیە، باڵەخانەی بەرز و دیزاینی سەرنجڕاکێش و تەلاری هەوربڕ، لەگەڵ تۆڕی شەقامی هەڵواسراو و بەرزەپردی یەکجار نموونەییان تێدایە، کەبێگومان ئەم شێوازەبیناسازییانە بۆ کاریگەریی بەجیهانیبوون لەسەر ئەم شارانە دەگەڕێتەوە، کە دواجار وادەکەن دەرکەوتە و تۆپۆگرافیی شارە جیهانییەکان ئاڵۆزتر و فرە چەشنتربن لە شاری وڵاتانی دواکەوتوو و سونەتی **(Oliveira, 2016:8)**.

سیستمی بیناسازیی شار، وەك لە شێوەی (2-6)دا دیارە، زیاتر بەرزونزمیی بیناکردیی جۆری باڵەخانەکان دەگرێتەوە، واتە لەدوای هەموو پێکهێنەرەکانی تری مۆرفۆلۆجیی شارەوە جارێکی تر باڵەخانە و تەلارە بەرزەکان لەنێو بیناسازییە نزمەکاندا هەردووکیان پێکەوە جۆرێك لە بەرزونزمیی باڵەخانەکرد دروستدەکەن و شێوەیەکی تایبەت بە هەر شارێك یان بە بەشەکانی شار دەکەن، کە بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانیان بەسەردا دێت، تەنانەت جۆری سیستمی ڕووناکی و شێوەی تاوەرەکانیش مۆرك و شوناسی تایبەت بەرجەستە دەکەن و دەتوانرێت لەڕێگەیانەوە ناسینەوە و جیاکاریی بکرێت.

**شێوەی (2-6)**
**چەند نموونەیەک لە سیستمی بیناسازیی شارەکان**



**Source: (Zha, 2022).**

کەواتە مۆرفۆلۆجیی شار؛ بریتییە لە کەڵەکەبوونی هەموو ئەو پێکهاتانەی پێشتر باسکران، کە بە خستنەسەر یەکتر یان لکاندنی هەموویان پێکەوە وێنەی گشتیی مۆرفۆلۆجیی شارەکان دروستدەبن و شێوەدەگرن. ئەوەی شیاوی باسکردنە ئەوەیە، کە ئەم پێکهێنەرانە بەگوێرەی ئاستی پێشکەوتن و سیستمی کارگێڕی و کولتوور و دابونەریتی شارنشیان دەگۆڕێن، یاخود لە شارێکی لۆکاڵی و ناوچەییەوە بۆ شارێکی جیهانی و مۆدێرن جیاوازدەبن.

## 2-3-2-کاریگەریی جیهانگیری لەسەر مۆرفۆلۆجیی شار

لە دەیەی هەشتەمی سەدەی ڕابردووەوە لەبەر گرنگیی ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی شار، تێڕوانین و شیکاریی تازە لە چوارچێوەی جوگرافیای شاردا بۆ شارەکان پەیدا بوو، دەکرێت ئەوانەش لەمانەی خوارەوەدا ببینینەوە **(شکوئی، ٢٠١٠: ٣٣)**:

– شارەکان ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووری تەنیا لە ئاستی لۆکاڵی و میللییەوە وەرناگرن، بەڵکو بە گۆڕانکاری و پەیوەندییە جیهانییەکانیش کاریگەرن، بەتایبەت گۆڕانکاری زانستی و خێرایی گۆڕانی دەرکەوتەی باڵەخانەکان و چونێتی ژیان و گوزەران لە شارە جیهانییەکاندا.

– پرۆسە شارییەکانی وەک داهێنانە تەکنەلوژییەکان، سیستمی تازەی ڕێکخراو و بەرهەمەکان، وەرچەرخانی سیاسەتی نەتەوەیی، ڕوخسارێکی نوێیان بە شارەکان بەخشیوە.

– نابێت لە شیکاری و توێژینەوەی شارەکاندا، لە بەنێودەوڵەتیبوونی سەرمایە و گۆڕانکاری لە بەرهەم و سیاسەتی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی وڵاتانی جیهان ئاگادارنەبین.

– هێز و کاریگەرییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان هەر یەکیان بە ئەندازەی قورساییی خۆیان پەیکەربەندی مۆرفۆلۆجیی شارەکان دەنەخشێنن، بۆیە دەبێت شیکاریی قوڵیان بۆبکرێت، لە کاتی شیکردنەوەی ئیکۆلۆژیای شارەکاندا، جوگرافیای شار زیاتر جەخت لەسەر دوو کۆمەڵە هۆکار دەکات، یەکەمیان: هەوڵدانی زیاتری شارنشینان، گرووپەکان، بانکەکان، کۆمپانیاکان و دەوڵەتداری بۆ قازانجی زیاتر لە بەکارهێنانەکانی زەوی. دووەم: چاودێریی پەرەسەندنی

کۆمەڵایەتیی (داروینیزمی کۆمەڵایەتی)ی نێوان شارنشینان، گرووپەکان، بانکەکان، کۆمپانیاکان و ئەوانیتر.

کەواتە ئەو قۆناغە مێژووییانەی مرۆڤ پێیاندا تێپەڕیوە، هەریەک بەگوێرەی تایبەتمەندیی خۆی کاریگەریی هەبووە لەسەر پێکهاتە و مۆرفۆلۆجیی شارەکان، بۆ نموونە لە قۆناغی کلاسیکدا شارەکان لە دەوری تەوەر و چەقێک شێوەیان دەگرت و فراوان دەبوون، وەک مزگەوتی گەورەی شار، کڵێسا و پەرستگا، هەموو پێکهاتەکانی شار لە دەوری ئەم تەوەرانە گەشەیان دەکرد و بە دەورووبەردا بڵاودەبوونەوە، لە قۆناغی مۆدێرنەدا شارەکان بوونە مرۆڤ سەنتەر یان ئابووری سەنتەر، ناوەندی شارەکان سەنتەری بازرگانیی گەورە (CBD)، مامەڵەی دارایی، باڵەخانەی کارگێڕیی گەورە، یان بانکەکانیان تێدابوو، بەشەکانی تری شار بەدەوری ئەم ناوەندەدا فراوان دەبوون، لە کۆتایی ئەم ماوەدا، کاتێک مرۆڤ سەنتەری دەبێتە پرسی گەورە، سینەما، شانۆ، ناوەندەکانی کاتبەسەربردن و خۆشگوزەرانی دەبوونە ناوەندی شارەکان، کە بێگومان لە پشتەوەی دەرکەوتنی ئەم دیاردانە جۆریک لە ئابووری سەنتەری هەبوو، شارەکان ناوکی زۆر و فرە سەنتەربوون، واتە بازاڕەکان و ناوەندەکانی شار بەسەر چەند بەشێکی شاردا دابەشبوون، بۆ ئەوەی بازاڕکردن و بەدەستگەیشتنی کاڵاکان بە بەکاربەران ئاسانتر ببێت **(Soja, 2000:113)**، بەگشتی شارەکان لەم ماوەیەدا بە بوونی باڵاخانەی بەزر و شوێنی نیشتەجێبوونی بڵند و گەورە بە پەیکەربەندی کۆنکرێتیی تۆکمە و یەکەی نیشتەجێبوونی هاوشێوەی قەفەز و بیناسازیی نیشتەجێبوونی بەکۆمەڵ دەناسرێتەوە. لە سەردەمی مرۆڤ سەنتەریدا مرۆڤ لە ماڵەکەی خۆیدا زیندانییە، سەردەمی بێ شوناسیی هەموو شتێکە یەکێک لەو شتانە شارسازی و دیزاینی یەکەکانی نیشتەجێبوونە، چونکە جۆرێک لە هاوشێوەیی لەنێوان شارەکاندا دروست دەبێت، کە تایبەتمەندیی ناوچەییان تێدا نامێنێت. بەڵام لە قۆناغی پۆستمۆدێرنەدا دووبارە شارسازی دەگەڕێتەوە بۆ ژینگە و فەزای سەوز، جۆریک لە کلاسیکخوازی و سەلیقەی کەلەپووری و مۆرک و شوناس بۆ شارەکان دەگەڕێنەوە، پۆستمۆدێرنیستەکان دەیانەوێت دووبارە بگەرێنەوە بۆ دابونەریت، باوەڕ بە هێزی خودا (ئیلاهیات)، دەیانەوێت زیاتر گرنگی بە سروشت و مرۆڤەکان بدەن. ئەو شارانەی کە دەبێت بەتەواوی شارێکی پۆستمۆدێرن یان پۆست-پۆستمۆدێرنین و پێکهاتە و بەشەکانی لەبەر ڕۆشنایی تیڕوانینێکی تیۆریدا بێت، شارێکی ئایدیاڵی (utopia)یە، کە شوناسێکی باوەڕدارانەی هەیە و بە ئاراستەی خواستەکانی مرۆڤ و سروشتە **(ثورنس، ٢٠10: 57)**.

خشتەی (٢-2)، ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە چۆن جیاوازیی نێوان دوو قۆناغ کاریگەریی هەیە لەسەر بنەما و پێوەرەکانی شارسازی لە شارەکاندا، کە گومانی تێدا نییە ئەم گۆڕانکارییانە بە هۆی پرۆسەی جیهانگیرییەوە بۆ زۆرینەی شارەکانی جیهان پەریونەتەوە، بە چەشنێک ئەگەر لە پێکهاتەی شارێک بڕانرێت کە بە زۆرینەی قۆناغەکاندا ڕۆشتبێت، ئەوا کاریگەریەکە دەردەکەوێت و تایبەتمەندیی هەموو قۆناغەکان جیادەکرێنەوە، یاخود دەتوانین بزانین کام شێوای گەشە و تەلارانانە بۆ قۆناغی کلاسیک و کامانە بۆ مۆدێرنە و کامانە بۆ پۆستمۆدێرنە دەگەڕێنەوە.

**خشتەی (٢-٢)**

**کاریگەریی جیهانگیری لەسەر بەڕێوەبردن و دیزاینی مۆرفۆلۆجیی شارەکان، جیاوازی لەنێوان قۆناغی مۆدێرنە و پۆستمۆدێرنەدا**

| مۆدێرنە | پۆستمۆدێرنە |
| --- | --- |
| پچڕانی پەیوەندی بە ڕابردووەوە، لە بەرانبەردا تێڕوان بۆ ئاینده زیادیکرد | مێژوو گەرایی، یادگەی مێژوویی، مەدەنیەت و تێڕوانینی مێژوویی سەریانهەڵدا |
| بونیادگەرایی، جیهانگەرایی، مۆدێل سازی، شێواز و دیکۆر | ڕەخنەگرتن لە بونیادگەری، بێبەهابوونی پێگە و شوێن، ناوچەگەری، دیزاینی ڕەسەن، فرەییخوازی، تاکگەرایی، شوناس و کولتووری شاری |
| عەقڵانییەتی گشتگیر، پیشەگەری، بەکاربردنی بزوێنەر و ماشینەکان، فۆڕمی ئەرکی پیشەیی، تەکنەلۆژیا، جیاکردنەوەی کار لەسەر بنەمای پسپۆڕی | بەکارهێنانی هێماسازی، دەق و مێتافۆری خوێندنەوە، گرنگیدان بە شارە کۆنەکان، مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە، ڕەتکردنەوەی ناوچەگەری یان بەکارهێنانی ناوچەگەری تێکەڵاو |
| باوەڕبوون بە ئازادیی مرۆڤ، مرۆڤدۆستانە، بوونی ئامانجی سیاسی، باوەڕبوون بە پێشکەوتنی هێڵی، زانست، ژیری، تەکنیک سەنتەری، باوەڕی بەهێز | پشتبەستن بە سیاسەت، دوورکەوتنەوە لە خورافیات، بەرهەڵستیی یوتوبیا و ئایدیاڵی |
| بەرهەڵستیی سەرمایەداری، گەڕانەوە بۆ دەوڵەت و دەستێوەردانی زۆری دەوڵەت لە شارسازیدا، ناوەندگەرایی، سۆسیالیست دیموکرات | دژایەتیکردنی پاوانخوازی لە بەرژەوەندی پڕۆژەی بچووکدا، پشتبەستن بە بەشداریی هاوڵاتییان، بەرهەڵستیی دەستێوەردانی زۆری دەوڵەت، پەسەندکردنی لامەرکەزی سیاسی، ئابووریی سیاسیی لیبراڵی، پەرگیریی نوێ |
| هونەر ئامرازێک بووە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکان و پێشەنگ بوون لە دیزاین و تەلارسازیدا | هونەر لە خزمەت بەکاربەردایە، دیزاینەر و تەلارساز ناوەند و ڕاوێژکارن، خزمەتگوزاریی گشتی |
| دروستکردنی تەلار و باڵەخانەی تازە | گەڕانەوە بۆ تەلارسازیی کلاسیک و کەلەپووری |
| سودوەرگرتن لە هەست و سۆز لە پێناو مەبەستی سیاسیدا | سود وەرگرتن لە سۆز و خەسڵەتەکانی بنەماڵەی ڕەسەن و ڕێزگرتن لە ناوەندی خێزان |
| گرنگیدانێک بە پلانە گشتییەکان | پلاندانانی لۆکاڵی، دۆخی لەناکاو، ڕێژەیی و ستراتیژی |
| گرنگیدان بە پسپۆڕانی تەلارساز و شارساز | گرنگیدان بە گرووپە لۆکاڵیەکان و بەشداریی خەڵکی |
| پلاندانانی بەرفراوان و گشتگیر و نەگۆڕ | پلاندانانی دیاریکراو، شیاوی گۆڕین، ئاراستەکراو، بەشداریی خەڵکی و فەرامۆشکردنی پسپۆڕان |

**سەرچاوە: (پاپلی یزدی و سناجردی، ٢٠٠٧: ١٥٨)**

جیاوازیی تایبەتمەندییەکانی نێوان ئەو دوو قۆناغە، کە لە خشتەکەدا خراوەتەڕوو، ئەوە دەردەخات بەهاو پێوەرەکانی دیزاین و شێوەگرتنی شارەکان لەگەڵ پارادایمە جیهانییەکاندا گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە دەرکەوتەی شارەکاندا دروستدەکات. چیتر مۆرفۆلۆجیی شارەکان لەسەر بنەمای پێوەر و خواستی لۆکاڵی شێوەناگرن، بەڵکو لە پرۆسە و بەها و تێڕوانیی جیهانییەوە شێوەدەگرن، لەبەر ئەوەی بەجیهانیبوونی پرۆسەی ئابووری (سەرمایە، کاڵا) بەشێوەیەکی بەرفراوان ڕەنگدانەوەی لەسەر جۆری بەکارهێنانەکانی زەویی شار دەبێت، لەوەی پێویستیی لێشاوی سەرمایە و کاڵاکان دەتوانن ڕێژەی بەکارهێنانی زەوی بۆ مەبەستە کلاسیکییەکانی پێشتر کەمبکەنەوە، لەبەرانبەردا ڕێژەی بەکارهێنانی زەوی بۆ مەبەستی ئابووریی جیهانی زیاتربکەن.

جیهانگیری کاریگەری لەسەر شارنشینی، پلەبەندیی شارەکان، پێکهاتەی ئابووریی شار و بەڕێوەبردنی شارەکان هەبووە، بەجیهانیبوون لەڕێگەی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندییەوە (فەزای مەجازی)ی لە شارەکاندا دروستکردووە. چڕبوونەوەی سەرمایە و ئۆفیسەکانی کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان پێکهاتەی شارەکانی گۆڕیوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی جیهانگیری لە شارەکاندا ڕەنگدانەوەی ئەم کاریگەرییانەن. بە دڵنیاییەوە شارنشینی و پەیوەندیی نێودەوڵەتی دوو پێکهاتەن، کە نەخشەی دیمەنی شارە هاوچەرخەکان دادەڕێژنەوە، بۆیە ناتوانین لە سەدەی بیست و یەکدا وێنەیەکی ڕوونمان لە مۆرفۆلۆجی و ژیانی شارەکان هەبێت، تاکو لە جیهانگیری تێنەگەین **(Khazaee, Darabi & Abdi, 2015: 824)**.

یەکێک لە کاریگەرییە بەڵگەدارەکانی جیهانگیری لە ئەنجامی نەخشە نوێیەکانی ژێرخانی و پەیوەندیی نێودەوڵەتییەوە، بریتییە لە گۆڕانکارییەکانی ڕێکخستنی شوێنیی ژیانی شارەکان، ئەمەش هۆکاربووە بۆ دەرکەوتنی چەمکی 'ژێرخانی جیهانی'، کە بەکارهێنانی زەویی شار و مۆرفۆلۆجییەکەی تەنیا بۆ خزمەتکردنی پێداویستییە ناوخۆییەکان نابێت، بەڵکو پێداویستییە جیهانییەکانیش دابیندەکات، تاکو لینکی بەستنەوەی (ناوخۆیی - جیهانی) دەستەبەربکات **(ج. ڤال، 2017: 119)**. ئەم گۆڕانکاریانە وەرچەرخانێکی بەرچاو لە هەردوو ئاستی تیۆری و پراکتیکی پەرەپێدانی ژێرخانی شارەکاندا نیشان دەدات، کاتێک هەردوو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و حکومەتە نیشتمانییەکان دەگەیشتنە ئەنجامێکی هاوشێوە سەبارەت بە ژێرخانی شارەکان، کە تۆڕەکانی ژێرخانی لە زۆرێک لە وڵاتان ڕەنگدانەوەی پرۆسە جیهانییەکان بوون، بێگومان ئەمەش پێویستی بە هاوسەنگییەکی باشتر هەیە لە نێوان خواستە لۆکاڵی جیهانییەکاندا **(United Nations Human Settlements Programme, 2004: 22)**.

کەواتە لەڕێگەی ئەو زانیاریانەی لەم بەشەدا خراونەتەڕوو دەتوانین ئەوە هەڵئێنجینین، کە جیهانگیری وەك پرۆسەیەکی پێشکەوتنی پرۆسە مرۆییەکان و بەستەری شوێن و جوگرافیا دوورەکان، توانیویەتی کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر شوێن و جوگرافیا وەك گۆڕاوێکی شوێنکەوتوو هەبێت، تەنانەت وایکردووە چیتر شوێن و پیشەی شوێن، هاوکات دووری و ماوەکانی نێوان شوێنەکان هاوشێوەی جاران نەبن و گۆڕانکاریان بەسەرداببێت. لەم کاریگەرییانەدا شارەکانیش دیسانەوە جارێکی تر بەم دیاردەیە کاریگەربوون، بەوەی شێوازی ژیانی نێو شارەکان و مۆرفۆلۆجی و دەرکەوتەکانیان لەگەڵ پرۆسە و مژارەکانیان بەردەوام لە گۆڕانکاری نوێبوونەوەدا بن. جگە لەوەی شارەکان بۆخۆیان بوونەتە هەڵسوڕێنەری بەشێکی زۆری ئەو پرۆسانەی کە بەجیهانیبوونیان لەسەوە وەستاوەتەوە. بەم پێیە شارەکان لە پرۆسەی جیهانگیریدا دەتوانن ڕۆڵی بەرجەستەکەری جیهانگیری ببین، بەتایبەت شارە گەورەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو. بەڵام دۆخی شارەکانی تر، بەتایبەت لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو و وڵاتانی جیهانی سێیەمدا ڕۆڵێکی تریان هەیە، کە ئەمەیان زیاتر پاشکۆیەتی و کاریگەر بوونە بە شارە جیهانییەکان.

## دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە بە کۆمەڵێك دەرئەنجامی گرنگ و زانستی گەیشتووە، ئەوانیش بریتین لە:

1. جیهانگیری بەستەری گرێدانی جوگرافیا و بەشەکانی ڕووی زەوییە بەیەکترەوە، بەهۆی چالاکی و پرۆسە مرۆییەکانی وەک (سیاسەت، ئابووری، کولتوور، تەکنەلۆژی و داهێنانەکان)ـەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پرۆسەیەکی بەردەوامی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی نێوان کۆمەڵگە مرۆییەکانی سەر ڕووی زەوییە، بەو واتایەی لەگەڵ مێژووی مرۆڤایەتیدا بەردەوام ئامادەیی هەبووە، بەڵام ئامرازو بزوێنەرەکانی ئەم پرۆسەیە بەتێپەڕبوونی کات گۆڕاون، ماوە لەدوای ماوە خێرایی پرۆسەکە زیادیکردووە.
2. پێواژۆی جیهانگیری لە دیدگا و گۆشەنیگای جیاوازەوە خوێندنەوەی بۆ کراوە، بەشێکیان وەك دەرفەتی پەرەسەندن و پێشکەوتنی گەلانی جیهانی دەبینن و بەشەکانی تریان وەك ئاڵنگاری بۆ پرسی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و پیسبوونی ژینگە دەیبینن. بۆیە دەکرێت هەردوو لایەنەکە بەهەند وەربگیرێت، بەو واتایەی هەم بکرێتە دەرفەتی پەرەسەندن، هەم ڕەچاوی پرسی پیسبوونی ژینگە بکرێت و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیش بپارێزرێت.
3. شوێن و جوگرافیای دوای جیهانگیری هەمان شوێن و جوگرافیای پێشتر نیین. بەڵکو دووانەی (لۆکاڵی-جیهانی) بووەتە پرسێکی گرنگی پانتایی هزری جوگرافیا. کە بەردەوام کاریگەری لەسەر یەکتر دادەنێن.
4. لەدوای جیهانگیری و سەردەمی لێشاوی زانیارییەوە، شارەکان دەبنە گرێی ناوەندی لە تۆڕی زانیاری و پەیوەندیی ئابووریی جیهانیدا، سەرهەڵدانی تۆڕە دیجیتاڵییەکان شارەکانی بۆ ناوەندی پەیوەندیکردن گۆڕیوە، کە زانیارییەکان بە خێرایی لە شارەکانەوە لێشاو دەکەن و کاریگەرییان لەسەر کارلێکە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان دەبێت. هەروەها هەریەک لە جیهانیبوون و داینامیکی ناوخۆیی شارەکان وەک کاراکتەرێکی سەرەکی لە ئابووری جیهانیدا دەردەکەون، بەجۆرێک تۆڕی کۆمەڵگەی جیهانی گرنگی ئابووری و کولتووری شارەکان بەرزتر دەکەنەوە.
5. جیهانگیری وەك پتەوبوونی پەیوەندیی پرۆسە مرۆییەکان و بەستەری شوێن و جوگرافیا دوورەکان، توانیویەتی کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر شێوازی ژیانی نێو شارەکان و مۆرفۆلۆجی و دەرکەوتەکانیان هەبێت، کە تارادەیەك جیاوازیی پێکهاتەکانی مۆرفۆلۆجیی شارەکان کەمبوونەتەوە و زۆرینەی شارەکانی جیهان پلاندانان لەبەر ڕۆشنایی بنەماکانی پەرەپێدانی درێژخایەندا دادەڕێژنەوە. بۆیە شێوازە کلاسیکی و نەریتییەکانی مۆرفۆلۆجیی شارە کۆنەکان هێواش هێواش بەرەو ئاوابوون دەڕۆن.

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوەی کوردی:

بی. ستیگەر، مانفرید، (٢٠٢١)، جیهانگیری – پێشەکییەکی زۆر کورت، وەرگێڕانی: ئەیوب حەسەن، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، زنجیرە کتێبی ئۆکسفۆرد، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق.

ساعی، ئەحمەد، (٢٠١٤)، ڕێبازە هاوچەرخەکانی بیری گەشەسەندن، وەرگێڕانی: لوقمان سەمیعی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی خانەی موکریانی بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق.

قەوام، سەید عبدولعەونی، (٢٠٠٩)، جیهانیبوون و جیهانی سێیەم و ئاسایشی نەتەوەیی، وەرگێڕانی: سەلاح جەعفەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوسەر، لە بلاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق.

کریم، محمد مجدی، (٢٠٢٣)، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دانیشتوان و پەرەپێدانی مرۆیی لە ئیدارەی گەرمیان، تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی جوگرافیا.

## سەرچاوەی عەرەبی:


آلبيير، جوان مارتنيه. (2004) ،الموقف البيئي المحلي والعالمي،كتاب ثقافات العولمة، ترجمة: ليلى الجبلي، ط١، المشروع القومى للترجمة، اقاهرة،مصر.

أمين جلال، (2009)، العولمة، الطبعة الأولى، دار الشروق، القاهرة، مصر.

بك، أولريش، (2003)، ما هي العولمة، ترجمة أبو العيد دودو، ط١، منشورات الجمل.

بن سوسان، جيرار.جورج لابيكا .(2003 ) معجم الماركسية النقدي، ترجمة جماعية، ط1، دار الفارابي،بيروت، لبنان.

بن سوسان، جيرار.جورج لابيكا .(2003 ) معجم الماركسية النقدي، ترجمة جماعية، ط1، دار الفارابي،بيروت، لبنان.

بن غضبان، فؤاد، (٢٠١٥) التحضر والحضرية في ظل عالم متغير، ط١، دار اليازورى، عمان، الاردن.

تايلور، بيتر ج، (2004)، النزعة الإقليمية في شبكة المدن العالمية، ترجمة بهجت عبدالفتاح عبده، المجلة الدولية للعلوم الاجتماعية، منظمة اليونسكو، دار المنظومة.

توفلر، الفين. (١٩٧٩) صدمة المستقبل، كتاب صفعة المستقبل، ترجمة:عبد اللطيف الخياط، ط١، دار الانوار، بغداد،العراق.

تيبالدز، فرانسيس. (٢٠١٢) جعل المدن ملائمة للناس، ترجمة: عمر بن سالم، ط٢، جامعة الملك سعود، الرياض، السعودية.

ثورنس، ديفيدس. (٢٠١٠)، كيف تتحول المدن، ترجمه احمد رمو ،ط١، الهيئة العامة السورية للكتاب، دمشق،سورية.

حداد، عوض يوسف. (٢٠٠٦) مقالات في الجغرافيا الحضرية، دار الشموع الثقافة، الزواية، ليبيا.

دوريتة، جان فرانسوا ،(2011) ، معجم العلوم الأنسانية، ترجمة : جورج كتورة، ط2، هيئة أبو ظبي للثقافة، ابو ظبي، الامارات.

ساسن، ساسكيا. (٢٠١٠) ، مدينة من؟ العولمة وبروز معالم مزاعم جديدة، كتب العولمة الطوفان ام الانقاذ،ترجمة فاضل جكتر، ط٢،المنظمة العربية للترجمة، بيروت، لبنان.

فال، جوليت ج، المشروع الاعتراضي للجغرافية، التحول العولمي للعلوم الاجتماعية،ترجمة: جان ماجد جبور، ط١، مؤسسة الفكر العربي، بيروت لبنان.

فريدمان، توماس. (٢٠٠١) السيارة ليكساس وشجرة الزيتون، محاولة الفهم العولمة، ترجمة : ليلى زيدان، الدار الدولية للنشر والتوزيع، القاهرة.

فريدمان، توماس. (٢٠٠٩)، عالم حار ومسطح ومزدهم، ترجمة: هاني تايري ونورما نابلسي، ط 1، مؤسسة اكاديميا للنشر، بيروت، لبنان.

ليوكانغ، (2015)ماهو البديل عن العولمة (الراسمالية) كتاب معجم ماركس المعاصر، ترجمة سمية الجراح،ط1، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، لبنان.

موراى، ورويك، (2013)، جغرافيات العولمة (قراءة في تحديات العولمة الإقتصادية و السياسية والثقافية)، ترجمة: سعيد منتاق، سلسة علم المعرفة، الكويت.

هاجيت، بيتر، (١٩٩٦)، الجغرافية تركيبة الجديدة، ترجمة: محمد السيد غلاب، ط١، مؤسسة الشباب الجامعة، القاهرة، مصر.

هارفي، ديفيد. (٢٠٢٤)،فضاءات الرأسمالية العالمية اللامتكافئ، ترجمة: عبد المنعم محجوب، ط١، دارصفحة السابعة للنشر، الرياض، السعودية.

هارڤي، ديفيد، (2005)، حالة مابعد الحداثة – بحث في أصول التغيير الثقافي، ترجمة: محمد شيا، الطبعة الأولى، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، لبنان.

هانك، سافيتش ، (٢٠٠٢) الجديد عن العولمة وماتنبئه به للمدن،ترجمة: المجلة الدولية للعلوم الاجتماعية، منظمة اليونسكو.

ييوونغ، يومان، (١٩٩٧)،الجغرافيا في عصر المدن العملاقة ،ترجمة:المجلة الدولية للعلوم الاجتماعية، منظمة اليونسكو،العدد (١٥١).


## سەرچاوەی فارسی:


پاپلی یزدی، محمد حسین و سناجردی، حسین رجبی، (۲۰۰۷)، نظریه‌های شهر و پیرامون، چاپ دوم، سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاه (سمت)، تهران، جمهوری اسلامی ایران.

شکوئی، حسین و کاظمی، سید مهدی موسی، (۲۰۱۰)، مبانی جغرافیای شهری، چاپ ششتم، انتشار دانشگاه پیام نور، تهران، جمهوری اسلامی ایران.

شکوئی، حسین، (۲۰۰٤)، دیدگاههای نو در جغرافیای شهری، جلد اول، چاپ هشتم، سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاه (سمت)، تهران، جمهوری اسلامی ایران.

شورت، جان رنای و کیم یونگ هیون ، (۲۰۰۵)، جهانی شدن وشهر، ترجمه: پانتما لطفی کاظمی، انتشارات پردازش و برنامه‌ریزی شهری (وابسته به شهرداری تهران)، تهران، جمهوری اسلامی ایران.

کاستلز، مانوئل، (۲۰۱۰)، عصر اطلاعات: اقتصاد، جامعه و فرهنگ (ظهور جامعهء شبکه‌ای)، ترجمه: احمد علیقلیان، افشین خاکباز، حسن چاوشیان؛ ویراستار: علی پایا، تهران، جمهوری اسلامی ایران.

محققی، مهدی اختر، (2007). جهانی شدن، چاپ اول، کتابخانه ملی ایران، تهران، جمهوری اسلامی ایران.

مرکز سکونتگاه‌های انسانی سازمان ملل متحد، (۲۰۰۹)، شهرها در فرایند جهانی شدن - گزارش جهانی سکونتگاه‌های انسانی، ترجمه: رضا پور خردمند ودیگران، چاپ اول، مرکز مطالعات وبرنامه‌ریزی شهر تهران، تهران، جمهوری اسلامی ایران.

منصورگیلانی ناصر، (۲۰۲۱)، جهانی شدن برای آگاهی شهروندان، بازگردان: مجتبا میثمی، چاپ اول، نشر اشاره، تهران، جمهوری اسلامی ایران.

نوریس، پیپا و اینگلهارت، رونالد، (2021). جهانی شدن و تنوع فرهنگی، مترجمان: عبدالله فاضلی و ساجده علامه، چاپ سوم، انتشارات کویر، تهران، جمهوری اسلامی ایران.


## سەرچاوەی ئینگلیزی:


Baylis, J., Smith, S., and Owens, P. (2014) The globalization of world politics: an introduction to international relations. 4th ed. Oxford: Oxford University Press.

Brenner, Neil, (2019), New Urban Spaces - Urban Theory and the Scale Question, Oxford University Press, printed by Bridgeport National Bindery, Inc., United States of America.

Bridge, G. and Watson, S. (eds.) (2000) A Companion to The City. Oxford: Blackwell Publishing.

E. Murray, Warwick, (2006), Geographies of Globalization, First published by Routledge, Madison Ave, New York, USA.

Ebrahimi, M., Khalesi, B., & Mansouri Daneshvar, M.R. (2021) 'Driving powers of globalization on the urban ecology: a comparative study', Environmental Systems Research, 10(40). Available at: https://environmentalsystemsresearch.springeropen.com/articles/10.1186/s40068-021-00244-2 .

Florida, R. (2002) The Rise of the Creative Class: And How It's Transforming Work, Leisure, Community and Everyday Life. New York: Basic Books.

Friedman, T.L. (2006) The World Is Flat: A Brief History of the Twenty-First Century. New York: Farrar, Straus and Giroux.

Grant Richard & Rennie Short John, (2002), Globalization and the Margins, Published by Palgrave Macmillan, London, United Kingdom.

Hall, P. (1984) The World Cities. 3rd ed. New York: St. Martin's Press.

Khazaee, M., Darabi, S., & Abdi, J. (2015). Globalization and its Ambivalent Effects on Cities. Journal of Applied Environmental and Biological Sciences. Retrieved from: www.textroad.com

Kordi, A.O. & Ahmed, K.G. (2023) 'Towards a socially vibrant city: exploring urban typologies and morphologies of the emerging “CityWalks” in Dubai', City, Territory and Architecture, 10 (34). Available at: https://doi.org/10.1186/s40410-023-00221-5 (Accessed: [date]).

MacGillivray, Alex, (2006), A BRIEF HISTORY OF GLOBALIZATION, The untold Story of Our Incredible Shrinking Planet, First edition, New York: Carroll & Graf.

Oliveira, Vítor, (2016), Urban Morphology (An Introduction to the Study of the Physical Form of Cities), Springer International Publishing Switzerland.

Salahuddin, M., Gow, J., Ali, M.I., Hossain, M.R., Al-Azami, K.S., Akbar, D., and Gedikli, A. (2019) ‘Urbanization-globalization-CO2 emissions nexus revisited: empirical evidence from South Africa’, Heliyon, 5(6), e01974. doi: 10.1016/j.heliyon. 2019.e01974.

Sassen, S. (1991). The global city: New York, London, Tokyo. Princeton University Press.

Short, John Rennie & Kim, Yeong-Hyun, (1999), Globalization and the City, by Addison Wesley Longman Inc., New York, United States of America.

Short, John Rennie, (2004), Global Metropolitan - Globalizing cities in a capitalist world, First published by Routledge, Madison Ave, New York, USA.

soja, w Edward. (2000), PostTMETROPLIS Criticals studies of cities and Regions, First published, Black well.

United Nations Human Settlements Programme (2004). The State of the World’s Cities 2004/2005: Globalization and Urban Culture. Nairobi: UN-HABITAT.

University of Guelph (U of G News) (2018) 'Globalization May Actually Be Better for the Environment', U of G News, 25 April. Available at: https://news.uoguelph.ca/2018/04/globalization-may-actually-better-environment/

verma. N, (2008), urban geography, new Delhi, India.

Wang, B., Dominique, L. and Adolphe, L. (2017) 'Cross Indicator Analysis between Wind Energy Potential and Urban Morphology', Renewable Energy Studies, 15(2), 100-115. DOI: 10.1016/j.renene.2017.06.057.

Zha, C. (2022) 'Vertical Cities in China', Chapman Taylor. Available at: https://www.chapmantaylor.com/insights/vertical-cities (Accessed: [13-12-2022]).

Zhang, L., Xu, M., Chen, H., Li, Y. and Chen, S. (2022) 'Globalization, Green Economy and Environmental Challenges: State of the Art Review for Practical Implications', Frontiers in Environmental Science, 10, pp. 1-15. doi: 10.3389/fenvs.2022.870271.

*) پلانی مارشاڵ (Marshall Plan)؛ ناونیشانی سەرکەتووترین پرۆژەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای دوای جەنگی دووەمی جیهانی بوو، کە یارمەتیدەرێکی گرنگی زۆرێك لە وڵاتانی ئەورووپی بوو، تاکو بتوانن لەدوای وێرانکارییەکانی جەنگ دووبارە خۆیان ڕێکبخەنەوە، بۆیە تیمەکەی (جۆرج مارشاڵ) لە ڕەوتی پێکهێنانەوەی جیهانی دوای جەنگدا دەستێکی باڵایان هەبوو. لە هەمان کاتدا بەیەکێك لە پلانە درێژخایەنەکانی دروستکردنی بازاڕ بۆ بەرهەمە ئەمریکییەکان دادەنرێت، تاکو لەڕێگەیەوە بتوانرێت ڕێگری لە زاڵبوونی بلۆکی کۆمۆنیستی لە ئەورووپادا بکات **(کەریم، ٢٠٢٣: ٣٠)**.

**) (Webster's Dictionary): یەکێکە لەو فەرهەنگانەی زمانی ئینگلیزییە کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا لەلایەن نوح وێبستەر (١٧٥٨-١٨٤٣)، کە فەرهەنگنووسێکی ئەمریکییە دەستکاری کراوە، چەندین فەرهەنگی پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار ناوی وێبستەریان وەک ڕێزلێنان وەرگرتووە. لەو کاتەوە "Webster's" بووەتە هێمایەکی بازرگانی گشتی لە ئەمریکا بۆ فەرهەنگەکانی ئینگلیزی، و بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ناونیشانی فەرهەنگەکاندا بەکاردەهێنرێت.